# گوتاری نەتەوەیی و ئاینیی لە ڕۆمانی (ئەنفال لە ئێوارە خوائێکی خوا و شەیتانەکاندا)

پ. ی. د. سەرکەوت عمر ابراهیم [1] پ. ی. م. لەنجە عبدالرحمن غریب [2] د. پەخشان علی احمد [2]

[2،1] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین

[3] بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی

**پوختەی توێژینەوە:**

یتناول ئـەم توێژینەوەیە، لـە ژێر ناونیشانی (گوتـاری نەتەوەیی و ئاینی لـە ڕۆمانی- ئەنفال لە ئێوارە خوائێکی خودا و شـەیتانەکان)دا بە ئەنجام گەیەنراوە، کە لە نووسینی ڕۆماننوس "حسین سـۆران"ە. ڕووداوەکـانی ئـەم ڕۆمانە گێڕانـەوەی ڕووداوە تراژیدیەکانی کـارەساتی بەدناوی ئەنفالە و بە ئاراستەیەکی جیاوازتر لەو ڕۆمانانەی لەسەر ئەم کارەساتە نووسراون تراژیدیای ئەنفالمان بۆ دەگێڕێتەوە. ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا، لە هەوڵی گەیاندنی گوتاری نەتەوەیی و ئایینیدایە لە هزری حەجاجی تکریتی وەك ئەفسەرێکی باڵا دەست و کاراکتەرێکی جەلادی جێبەجێکردنی کارەساتی ئەنفال. لە بەرانبەریشدا گوتاری دژ و پێچەوانەی شاکەسی ڕۆمانەکە (دڵداری مەلەك خاتوون) دەبینرێت لە بەرانبەر ئەم گوتارە نەتەوەیی و ئایینیەی، کە لە هزری شۆڤێنیستی حیزبی بەعسدا دژ بە نەتەوەی کورد ڕەوایەتی پێدرابوو. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆماننووس تێکڕای پانتایی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی بۆ گفتوگۆ و گەیاندنی ئەم دوو چەمکە (نەتەوەیی و ئاینیی)یە تەرخانکردووە لە هزری دوو نەتەوەی جیاواز (عەرەب وەکو بکەری پرۆسەی ئەنفال) لە دیدی شوڤێنییانەی حیزبی بەعس بەپشتبەستن بە گوتاری ئایینی و (کورد وەکو نەتەوەی ئەنفالکراو و ستەم لێکراو). لەو ڕوانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی لە هزری ڕۆماننووسەوە ئەم دوو گوتارە و چۆنیەتی وێناکردنیان ڕاڤە بکات.

**کلیلە وشەکان:** ئەنفال، گوتار، ڕۆمان، نەتەوە، ئایین.

.

## 1. پێشـــــــەکی

ئەنفال وەك پرۆسەیەکی جینۆسایدیی بەرانبەر بە نەتەوەی کورد کاریگەری و لێکەوتەی لە زۆر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی و ئەدەبی لێکەوتۆتەوەو لە دونیای شیعر و ڕۆمانی کوردیشدا لە لایەن نووسەرانی کورد جێگەی بایەخ و تێڕامان لەسەر نووسین بووەو بووەتە کەرەستە و بابەتی چەندین دەق و گێڕانەوەی ئەدەبی. لە ئەنجامی فراوانی پانتایی گێڕانەوەش ژانری ڕۆمان لەبارترین ژانر بووە بۆ گوزارشتکردن لە کاریگەری تراژیدیای ئەنفال و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لە سەر هزر و باری دەروونی تاکی کورد، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی چەندین دەق ڕۆمان لەم بارەیەوە بنووسرێت. لە تازەترین گێڕانەوەشدا ڕۆماننووس (حسێن سۆران) بە ناونیشان و گێڕانەوەیەکی جیاوازتر لە ڕۆماننووسانی دیکە لە ژێر ناونیشانی (ئەنفال لە ئێوارە خوائێکی خودا و شەیتانەکاندا) ئەم پرۆسەیەمان بۆ دەگێڕێتەوەو تەنها لە هەوڵی ڕەنگدانەوەی کاریگەری ئەنفال لەسەر کاراکتەرەکان نەوەستاوە، بەڵکو هاوشانی ئەوە بگرە زیاتریش لە هەوڵی بەرجەستەکردنی گوتاری نەتەوەیی حیزبی بەعس و ڕەوایـەتی گوتاری ئایینیدا بووە. ئـەم توێژینەوەش لەم ڕوانگەیەوە بـەشێوەیەکی تیۆری و بەپشت بەستن بە نموونەی هەڵهێنجراوی نێو ڕۆمانەکە بە ئامانجی دیارخستن و

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 3 ، العدد 2 (2022)
أُستلم البحث في 21 مايو 2022؛ قُبل في 20 أكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 16 ديسمبر 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف: pakhshan.ahmed@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 سەرکەوت، لەنجە، پەخشان. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

راڤەکردنی ئەم دوو گوتارە بەئەنجام گەیەنراوە، کە خۆی لە پێشەکی و دووبەشدا دەبینێتەوە. لە تەوەرەی یەکەمی بەشی یەکەمدا: باسمان لە چەمک و پێناسەی گوتار کردووەو لە تەوەرەی دووەمدا: چەمکی گوتار لای (میشێل فۆکۆ) ئاراستە جیاوازەکانی گوتار ڕوونکراوەتەوە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا: لە بارەی ڕۆمان و توانای گەیاندنی گوتار دواوین و ئاماژەمان بە گوتاری نەتەوەیی و ئایینی داوە. لە تەوەرەی یەکەمی بەشی دووەمیشدا: باسمان لە گوتاری نەتەوەیی و دژەگوتاریی لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا کردووەو لە تەوەری دووەمیشدا: گوتاری ئایینی- ئامانجەکانی ئەم گوتارە لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا خراوەتە بەرباس. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو، دواتر پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوە زانستییانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** سنووری کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە کارکردن لەسەر گوتاری نەتەوەیی و ئایینی لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانی (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خوا و شەیتانەکاندا) ئەم دوو جۆرە گوتارە لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا خراونەتەڕوو.

**گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەو راڤەکردنی چۆنیەتی مەزراندن و گەیاندنی گوتار و ڕاستی و دروستی گوتارە لە هزری شاکەسی نێو ڕۆمانەکەدا-دڵداری مەلەك خاتوون- و-حەجاجی تکریتی- وەك دوو کاراکتەری سەرەکیی نێو ڕۆمانەکە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:** میتۆدی کارپێکراو لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لە وەدیارخستن و ڕاڤەکاری گوتاری ئایینی و نەتەوەیی لە ژێر کاریگەری چەمکی گوتار لە هزری میشێل فۆکۆدا و بەشێوەی وەسفی-شیکاریی- پراکتیکی و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەیان لە هزر و بیری کاراکتەرەکانی نێو ڕۆمانی (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خوا و شەیتانەکاندا) لای ڕۆماننووس (حسێن سۆران).

## بەشی یەکەم: گوتار و ئاراستە جیاوازەکان و گوتاری ڕۆمان

### تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسەی گوتار

چەمکی گوتار لە بوونی خۆیدا چەمکێکی فرەواتا و فرە ڕەهەندە بەتایبەتی لە کاتێکدا وابەستەی هەر چەمکێك یاخود ڕەهەندێکی دیکەی ژیان بێت و ئامانج لێی گەیاندنی پەیامی ئەم مەبەستە بێت، کە ئەو چەمکە لە خۆیدا هەڵیدەگرێت "چەمکی گوتار، چەمکێکی فرە مانا و داتا و کارنامەیە، هەر بۆیە پێناسەیەکی دیاریکراو ستراتیژییەتی چەمکەکان دەشێوێنێ و تەنیا بەلای بازنەیەکمان دەبات و بازنەکانی تر فەرامۆش دەکات. ئەمە لە کاتێکدا سەرجەم بوار و ڕێبازەکان دەچنە ژێر یەك چەمکی سەرەکییەوە، وەك ئەوەی جیاوازی نەبێت لە نێوان گوتاری سیاسی و ئەدەبی و فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هونەری...هتد" (کەریم، ٢٠١٣، ١٦٥)، واتا لە بوونی هەر گوتارێکدا دەشێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سیما و سێبەری هەندێك ڕەهەندی دیکەش ببینرێن، بەڵام لە ئەنجامی خستنە خزمەتی خودی گوتار لە پێناو ڕەهەندێکی دیاردا ئیتر ئەو گوتارە بە ئایدیۆلۆژیای ئەو مەبەستە ڕەنگڕێژ دەبێت.

ئەگەرچی زاراوەی گوتار لە هەندێك لە فەرهەنگەکاندا بە واتای گفتوگۆ و هەندێ جاریش بە واتاکانی خوتبەدان دێت، بەڵام لە زانستی زمانی هاوچەرخدا نەخشە و ئامانج و مەبەستی گوتار واتای جیاوازتر و باڵاتری لەو مانایە پێدراوەو ئەمەش بەجۆرێك بووەتە جێگەی بایەخ پێدان و گرنگیپێدان، چونکە دەشێ لە بوونی گوتاردا هاوبەستی واتایی و کۆ واتایی سەرانسەری خۆی بنوێنێ جیا لە بەشە جیاواز و پەیامە تاك واتاییەکانی هەر دەربڕین و گوزارەیەك، کە لە کۆ سیستەمی تێکڕایی هەر گوتارێکدا خۆی دەنوێنێ. بەتایبەتیش لەو فۆرمەدا، کە گوتار وابەستەی چەمکێکی دیکە دەکرێت وەك گوتاری ئایینی و گوتاری سیاسی و گوتاری ئەدەبی...تد "گوتار بریتییە لە نووسراوەیەك و تەنانەت ئیما و ئیشارەیەك کە ئامانج و مەبەستێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، زانستی،..هتد ڕادەگەیەنێ و دایدەسەپێنێ... لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕستەی هەواڵی گوزارەیەوە دەبێتە هۆکاری دابەش کردن و بڵاوبوونەوەی هەندێك گوتەو زانیاری -گوزارە- سەبارەت بە بابەتێك" (شەمس، ٢٠١٩، ٢٩٥).

بۆیە دەبینین وشەی گوتار بە چەندین شێوەی جیاواز پێناسە کراوەو وێنا کراوە، کە کردەیەکە یان پرۆسەیەکە لە نێوان گوتن و کارکردندا یەکانگیر دەبێتەوەو ئەمەش دەبێتە سیمایەکی ڕەسەن و بنجیی تیایدا. "زاراوەی گوتار لە ئەدەبیاتی نوێدا بۆ یەکەمجار لای "هایمز" ئاماژەی بۆ کراوە. چەمکێکی هەمەچەشن و فرەیی بەخۆیەوە بینیوە، دیارە ئەمەش لە ژێر کاریگەری ئەو توێژینەوانەدا بووە، کە توێژەران لەو دەمەدا لەبارەی گوتار بەپێی ئاراستەی دیراسەکردنی فۆرمی زمانی و دیراسەکردنی بابەتەکانی کردەی پەیوەندیکردن ئەنجامیداوە، بێ گومان ئەمەش بەگشتی بەیەکێك لەو دووچەمکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە بریتین لە: یەکەم: ئەو گوتنەیە، کە ئاراستەی کەسێك دەکرێت، بۆ ئەوەی مەبەستێکی دیاریکراوی تێبگەیەنرێت. دووەم: ئەو فۆرمە زمانییەیە کە دەکەوێتە سەروی ڕستەوە" (عەلی، ٢٠١٩، ٢٠). لە ئاستی زماندا پێناسەی زمانەوانان بەجۆرێك خۆی دەنوێنێ، کە خۆی لە بوون و ماهییەتی خودی گوتاردا دەبینێتەوە "ئەگەر بەوردی بڕوانینە بوون و ماهییەتی گوتار بەوەی کە گوتەیەکە و یەکەیەکی ناوەکی پێکدەهێنێت و دەچێتە ژێر باری سەرنجدان و تێڕامانەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێ، کە گوتار بریتییە لە زنجیرە ڕستەیەکی یەك لەدوای یەك، کە لە ئاکامدا ماهیەت و بوونی خۆی دادەڕێژێت" (عەلی، ٢٠١٩، ٢٠). لەو ڕوانگەیەوە بارکردنی واتای دەلالی لە بوون و پێکهاتەی چەند ڕستەیەکەوە، کە واتای دەلالی لە بارەی بابەتێکەوە پێکیانەوە دەبەستێتەوە دیسکۆرسێك بەرهەم دەهێنن، کە دواجار وەك گوتارێکی سەربەست و تایبەت خۆی دەنوێنێ واتا گەلێکی گشتگیری لێ دەخوێندرێتەوە "وشەی دیسکۆرس لە زمانی لاتین بە واتای گوت و بێژ و باس کردن وەرگیراوەو لە زمانە ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت ئینگلیزی و فەرەنسی بە مانای ئاخاوتن، گوتار و گوت و بێژ هاتووە، یانی بە واتای ڕۆژانە، یانی گوت و بێژ و ئاخافتن، و شێکاری دیسکۆرسیش بریتییە لە لێکدانەوە یان خوێندنەوەی شێواز، پێکهاتەو کارکردەکانی زمان و نووسراوەکان. بەم واتایە دیسکۆرس بریتییە لە کۆمەڵێك ڕستە چ لە شێوازی نووسراوەو چ لە شێوازی گوتاری زارەکی" (شەمس، ٢٠١٩، ٢٩١).

یەکەم کەس، کە لە بواری زمانەوانیدا باسی گوتاری کردووە (ز. هاریس)ە، ئەو پێی وایە گوتار "گۆکراوێکی درێژە، یاخود زنجیرە ڕستەیەکی بەدوای یەکدا هاتووە، کە بەیەکەوە کۆمەڵەیەکی داخراو پێک دەهێنن، دەکرێت لە ڕێگەیەوە چاودێری بنیاتی زنجیرەیەک ڕەگەز بکەین لە ڕێگای میتۆدی دابەشکارییەوە. بە شێوەیەک، کە وامان لێ بکات لە بوارێکی زمانەوانیی تەواودا بمێنینەوە" (یقطین، ١٩٩٧، ١٧)، بە پێی ئەم بۆچوونەی (هاریس)، گوتار بریتییە لە یەکەیەکی زمانی، کە لە کۆمەڵێک ڕستە پێک دێت و گوتاریان پێکهێناوە. هەروەها (دی سۆسێر)یش بنەما سەرەکییەکانی گوتاری دەستنیشانکردووەو پەیوەستیشی کردووە بە قسەکردنەوە، چونکە پێی وایە گوتار زمانە لە کاتی بەکارهێنانیدا، هەروەها لە هەمان کاتیشدا ئاخاوتنە کاتێک، کە قسەکەر پێی دەدوێت، بۆیە دەڵێت: "قسەکردن دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان تاکێتییە، ئەوی تریشیان لایەنە کۆمەڵایەتیەکەیەتی، ناکرێ وێنای هیچ یەکێکیان بە بێ ئەوی تریان

بکرێت" (دی سوسیر، ١٩٨٥، ٢٩).

سیماو خەسڵەتە دیارەکانی هەموو گوتارێك لە بنچینەدا خۆی لە ڕێکخستن و ڕیزبەندیکردنی بیرۆکەو گوتەکانیدا دەبینێتەوە، کە لەسەر بابەتێك بونیادنراوەو دواجار دەبێتە هۆی تێگەیشتنی بابەتە، چونکە گوتار چالاکییەکی پەیوەندیکردنە لە نێوان قسەکەر و قسە بۆکراو بەرجەستە دەبێت بەو مەرجەی تێگەیشتن بهێنێتە ئاراوەو ئامانج و مەبەستی ئاماژە گۆکراوەکان ڕوون و دیار بێت. لەم بارەیەوە لەبارەی ناساندنی گوتاردا (بەختیار عەلی) دەڵێت: "بریتییە لە پێکهاتەیەکی بان- ڕستەیی مانادار، لەسەر سنوورەکانی کارکردنی فیکر و واقیعدا دەردەکەوێت، لە ڕستێك گوزارەی یەك لەدوای یەك پێکدێت، بابەتەکانیشی هەڵگری سیما و خەسڵەتی ئەو سیستەمە عەقڵیەیە کە لە ناویدا بەرهەمدێت و ملکەچی کۆمەڵێ یاسای دەرکەوتن و ونبوونی تایبەتین. زۆر لە شێوازەکانی وتن و نووسین و دابەشبوونی مانا لە ڕێگای کارکردنی ئەوەوە خۆیان ئاشکرا دەکەن، هەمیشەش بەشێکە لە یەکەیەکی گەورەتر کە چەند گوتارێکی جیاواز بەیەکەوە گرێدەداتەوە. هەتا ئەگەر بەیەکەوە گرێدانێکی مەجازیش بێت- بۆ ڕاڤەکردنی گوتار، جگە لە سنوورەکانی تر، قوڵاییەکانی دیکەی وەکو سایکۆلۆژیا، هۆشیاری، دەلالەتی زمان لە واقیعی ئێمەدا بایەخی خۆیان وونناکەن" (عەلی، ١٩٩٨، ٥١).

لە ڕاستیدا بابەتی گوتار لە ئێستادا لەنێو زانستە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکاندا بە یەکێك لەو بابەتە گرنگ و بایەخدارانە هەژمار دەکرێت، کە مەودایەکی بەرفراوان لەخۆی دەگرێت لە نێو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیاندا بەتایبەتی "لە دارشتنەوەو بەرجەستەکردنی سەرجەم ئەو بەرهەم و بابەتانەی کە لایەنی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سیاسی لەخۆ دەگرێت، واتە لە چێوەو سنووری گشت بابەتەکانی پەیوەست بە کۆمەڵانی خەلك داگیر دەکات...کە خودی زمان کاری تیدا دەکات، لە پێناو ئەوەی کە مرۆڤ تیکەڵ بە جیهانی دەوروبەری خۆی بکات. بۆیە لێرەدا دەکرێ بڵێین دیراسەکردنی گوتار بریتییە لە دیراسەکردنی خودی زمان لە خۆیدا، هاوکات بتوانین لە میانەی ئەو گوتارانەشەوە بڕوانینە دەوروبەر و کۆنتیکستە جیاجیاکانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی" (عەلی، ٢٠١٩، ٢٠).

گوتار لە دید و ڕوانگەی (محمد عابد جابری)دا دوو ئاراستەی جیاواز وەردەگرێت و دابەش دەبێت بۆ گوتاری نووسەر و گوتاری خوێندنەوەی خوێنەر. بۆیە خودی گوتار لە دیدی جابریدا بەبێ نووسەرێك وەك نێرەر و بەبێ خوێنەرێك وەك وەرگر نایەتەدی ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە دەق خۆی نامەیەکە لە نووسەرێکەوە بۆ خوێنەر، لەبەر ئەوەیە کە گوتارە. هەر بۆیە (جابری) سەبارەت بە گوتاری نووسەر دەڵێت: "گوتار بەو مانایەی کە گوتەی نووسەرە. بونیادێکە لە بیروبۆچوون و هەڵگری دیدێکە، یاخود ئەو دیدەیە کە لە پێکهاتێکی ئیستیدلالیدا لە شێوەی چەند سەرەتا و ئەنجامێکدا داڕێژراوە. لەم گۆشەیەوە گوتار بۆچوونی خاوەنەکەی دەردەبڕێت و لە هەمان کاتیشدا ئاوێنەی تواناکانیشیەتی بۆ بونیادنان" (الجابری، ١٩٨٥، ٨).

وەك دەردەکەوێت (جابری) گوتار "وەك یەکەیەکی ڕاڤەیی- وحدة تأويلية- سەیر دەکات. بۆیە گوتار لای جابری سەرچاوەی شتێکی ترە، دێت بۆ ئەوەی نیازێك بەرجەستە بکات و نیازێك داپۆشێت، یەکەیەکی مەبەستدارە، لە بەرانبەریشدا خوێندنەوەی گوتاریش خوێندنەوەیەکە لە دیوێکیدا مەبەستی درکاندنی گوتارە، تا لە پشت ئەو بونیادەی کە دەیخاتەڕوو بونیادێکی ناواخنی یان بونیادێکی هاوشان ئاشکرا بکات" (الجابری، ١٩٨٥، ١٠). واتا لە جەوهەری گەیاندنی گوتاردا وەك چۆن مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی ڕووندەبێتەوە لە هەمان کاتدا ئامانجایش خۆی حەشاردەدات بەوەی دەشێ نیازی شاردنەوەی پەیامی دیکە بوونی هەبێت. ئەمەش وا دەکات فرە جەمسەربوونی گوتاری لێ بێتە ئاراوە.

## تەوەرەی دووەم: چەمکی گوتار لە تێڕوانینی (میشێل فۆکۆ)دا

میشێل فۆکۆ لە دیارترین ئـەو بیرمەندە دیارانەیە، کە لە بارەی گوتار و کاریگەری گوتار ڕاڤەی جیاوازی هەیە و ئەم چەمکە تێکەڵ بە دەسەڵات و سەرکوتکردن و فریودان دەکات و بەبڕوای ئەو ڕادەی زانین و تێگەیشتن لە خودی گوتارەکان دەشێ ببنە پێوەری ڕاستی و ناڕاستی ئەم گوتارانەو بەربەرکانێ و ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانیش لە لایەنگیری و دژایەتی گوتارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت "فۆکۆ پێی وایە زۆربەی گوتنەکانمان دەکەوێتە ژێر باری ئایدیۆلۆجیا، بۆیە زانینمان دەربارەی مەسەلەیەك یان بابەتێك یان بارێکی کۆمەڵایەتی دیار لە ئەنجامی پێشبڕکێی چەند جۆرە گوتارێك و هێزی ڕاکێشانی هێزە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتەکان دەبێت، ئەنجامی کۆتایی ئەم بەربەرکانێیەش ڕاستی و دروستی ئەم گوتارانە ساغ دەکاتەوە" (دزەیی، ٢٠١٢، ٤٥). ئەو رای وایە هەمیشە دەسەڵات بە نایەکسانی دابەش دەبێتەوە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت لە دەسەڵات رزگاری بێت و دەسەڵات هەمیشە بنەچەو بنەڕەتە و لەو ڕوانگەیەوە دەیەوێت پەلکێشی نێو جیهانە ئەفسووناوی و فراوانەکانی دەسەڵاتمان بکات لەوێشەوە بۆ ناو جیهانی سەیر و سەمەرەی دەسەڵات و لەوێشەوە بەرەو جیاکردنەوەی گوتاری راست و گوتاری هەڵە مەبەستی سەرەکی فۆکۆ لەم گومانکردنانەدا دەرخستنی رووە ساختەیەکەی گوتارە کە دەشێ بۆ خۆی ڕێگر بێت لەبەردەم بینینی ڕاستیدا. ئەمەش بە بۆچوونی فۆکۆ لە ئەنجامی وابەستە بوونی ئایدیۆلۆژیاوە دێت بە چەمکی گوتارەوە، چونکە لە پشتی هەموو ئایدیۆلۆژیایەکەوە بوونی گوتارێك ڕاستییەکی سەلێنراوەو دەبێتە فاکتەری ڕاستی و ناڕاست بوونی خودی گوتارەکە "گوتار لە زاراوەی ئایدیۆلۆژیا دەچێت کە زۆر بەکار دێت لە ئەدەبیات و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، میشێل فۆکۆ پێی وایە ئایدیۆلۆژیا لە بنچینەدا پشت بە گوتارە ڕاستییەکان دەبەستیت، کە پێی دەگوترێت زانست و گوتارە هەڵخەڵەتێنەرەکان، لێرەدا زۆر گرانە بڕیار لەسەر گوتارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەکان بدریت، کە ڕاستییە یان هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە ئەم گوتارانە خودی خۆیان ناتوانن بڕیار لەسەر راستی و ناڕاستی بدەن، چونکە ئەم ڕاستیانە فاکتەرن و بە ڕێگای جیاواز بنیات نراون، فۆکۆ پێی وایە چەند تەگەرەیەك دێتە ڕێی چەمکی ئایدیۆلۆجیا و بەکارهێنانەکانی لە شیکردنەوەی کۆمەلایەتی." (دزەیی، ٢٠١٢، ٤٤). بەمەش فۆکۆ دەیەوێت ئەو ئاسۆیەی پەیوەندی دەسەڵاتمان لە لا ڕوون بێت، کە چۆن لە ڕێگای پەیڕەو کەرانی گوتارەوە لە جەستەی کۆمەڵایەتیدا بێدەنگی نوێمان بۆ دەخوڵقێنێت و هەروەها چۆن بکەری نوێی قسەکردن دروستدەکات.

ئەوەی مایەی باسکردن و سەرنجە فۆکۆ بە وردی چەمکی گوتاری لە هەردوو کتێبی (ئارکیۆلۆجیای مەعریفە- ١٩٦٩) و (سیستەمی گوتار- ١٩٧٠)دا دیاریکردووە، کە لە رووی مێژووییەوە گوتار و ئەزموونی گوتار دەگێڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژووی شێتی، چونکە پێیّ وایە "مرۆڤەکان بە لاسایکردنەوە وەکو بەشێک جیهانی گوتار لە شێتی دەنۆڕن" (بغورة، ٢٠٠٠، ٩٣)، بەمەش فۆکۆ شێتی بە گوتارەوە دەبەستێتەوە.

بەبڕوای فۆکۆ لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بەرهەمهێنانی هەموو دەقێکی گوتراوو یان نووسراو دەکەوێتە ژێر پرۆسەی چاودێریکردن و دیسپلینکردنی بەردەوامەوەو ئەوەشی ئەم پرۆسەی دیسپلینە چاودێری دەکات ئەو یاسا و پرەنسیپانەن کە فۆکۆ ناویان دەنێت -سیستەمی گوتار- "لای فۆکۆسیستەمی گوتار بریتییە لە کۆمەڵێ تەکنیکی کۆنترۆل و چاودێریکردن کە چاودێری و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی گوتار

دەكات لە كۆمەڵگایەكی دیاریكراودا. تەكنیكەكانی دیسپلینكردن لە ناو گوتاردا هەمەجۆرن، بەڵام دواجار هەمووان بەسەریەكەوە ئەو ڕووبەرە پێكدێنن كە دەستنیشانی ئەوە دەكات چ مانایەك لە ساتێك لە ساتەكانی مێژوودا باڵادەستبێت و چ بابەتێ بێتە بابەتی لێدوان لە كۆمەڵگایەكدا و چ شتێ بێت بە هەقیقەت كە هەمووان ناچار بكات باوەڕی پێبێنن" (قانیع، ١٩٩٨، ١١) لەو ڕوانگەیەوە بەبۆچوونی فۆكۆ هەموو گوتارێك دوو سیستەمی چاودێری بەڕێوەیدەبات، كە ئەو بەسیستەمی چاودێری دەرەكی و ناوەكی ناویان دەبات، كە یەكەمیان چاودێرێكی دەرەكیە، لەو سیاقە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە سەرهەڵدەدات، كە لە دەرەوەڕا گوتارەكان ناچار دەكەن ڕەنگەكانی ئەو هەڵگرن و لە سنووری داخوازیەكانیدا بجووڵێنەوەو دووەمیشیان سیستەمی ناوەكی گوتارە، كە لە ناوەوەی خودی گوتاردا كاردەكات. بۆ ئەمەش فۆكۆ سێ تەكنیكی چاودێریكردنی گوتار لەیەكتر جیا دەكاتەوە، كە لە دەرەوەڕا كۆنترۆڵی گوتارەكان دەكەن، كە: "بریتین لە سێ تەكنیكی گەیاندنی گوتار:-

1- تەكنیكی قەدەغەكردن، بۆ نمونە قەدەغەكردنی قسەكردن لەسەر بابەتێكی دیاریكراوی وەك سێكس یان ململانێی چینایەتی یاخود هەر بابەتێكی دیكە لەگەڵ داخوازییەكانی ئەو سیاقە دەرەكیەدا یەكنەگرێتەوە.

2- تەكنیكی سنووركێشان لە نێوان شتەكاندا، بۆ نموونە جیاكردنەوەی شێتی لە عەقڵ، ماقوڵ لە ناماقوڵ، باش لە خراپ، ئەم سنوورانەش كۆمەڵێ سنوورن كە تێیدا پەیوەندیەكانی هێز دەستنیشانی ئەوە دەكات كە چی ماقوڵەو چی ناماقوڵ و چی باشەو چی خراپ، چی مانادارەو چی بێمانا. واتە تەكنیكی دەستنیشانكردنی پانتایی مەعقوڵیەت لە كۆمەڵگایەكدا كە بێگومان هەموو ئەو شتانەی دژ بەو سیاقە باڵادەستە كاردەكەن وەك ناماقوڵ دەناسێنرێن.

3- تەكنیكی جیاكردنەوەی ڕاست لە ناڕاست. بە پێی ئەم تەكنیكەش هەموو كۆمەڵگایەك كۆمەڵێ ڕاستی بۆ خۆی بەرهەمدەهێنێ كە دەیكاتە پێوەری هەموو حوكمێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و سایكۆلۆژی و هتد. وەتا كردنی شتێك بە هەقیقەت و دواتر پێوانی بڕی ڕاستی شتەكانی دیكە لە ڕێگای بڕی دوور و نزیكی ئەو شتانە لەو هەقیقەتەوە كە سەروەركراوە. بێگومان ئەم هەقیقەتە گریمانەكراوە بەدەیان هەقیقەتی دیكە یان ئەگەری بەرهەمهێنانی هەقیقەتی دیكە دەكوژێت كە لەگەڵ داواكارییەكانی ئەم سیاقە دەرەكیەدا یەكناگرنەوە" (قانیع، ١٩٩٨، ١١).

**تەوەرەی سێیەم: گوتاری ڕۆمان**

ڕۆمان وەك ژانرێكی ئەدەبی لە نێو هەر نەتەوەیەكدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیەو توانیویەتی بە شێوەیەكی جیاواز لە ژانرەكانی دیكەی ئەدەب بە هۆی ئەو مەودا فراوانەی، كە هەیەتی باس لە چەندان كێشە و گرفتی تایبەت بەكۆمەڵ و نەتەوە بكات و هەڵگری گوتارێكی تایبەت بەخۆی بێت و پەیامی تایبەتی خۆی بگەیەنێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە پێكهاتەی ڕۆمان لە توانایدایە دەرفەتی هەڵگرتن و گەیاندنی گوتاری مەبەستدار و تایبەت بەخۆی بڕەخسێنێ "پێكهاتەی ڕۆمان لە ڕۆماننووس+تێڕوانین+ گێڕەرەوە+ كەسایەتی + جێكات + بەرسڤكردن پێكدێ، ئەویش لە – هاوپەیوەندی و هەمەهەنگی- هەر یەك لەو ڕەگەزانە، لە پێناو سەرگرتنی پرۆسەی ئەزموونە جوانسازییەكە و بۆ پێشەوە بردنی گوتارەكەو هەم بۆ پاراستنی یاسا تایبەتییە ناوەكییەكانی و هارمۆنیی ئەو یەكانەی تێیدا بەشدار بوون لە بونیادەكەدا" (سەڕاج، ٢٠٠٠، ٣٠). ئەمەش وایكردووە، كە ڕۆمان وەك ژانرێكی ئەدەبی ببێتە پانتایی گەیاندنی گوتاری هەمەجۆر "گوتاری ئەدەبی كۆمەڵێك تایبەتمەندیی زمانیی دیاریكراوی هەیە و شێوەگەلێكی تایبەتی هەقیقەت و ڕاستی بەرهەم دێنێ. بەڵام دەقی ڕۆمان گوتارەكانی تریش دەگرنەخۆ... واتە كۆمەڵێك گوتاری گەلێ جیاواز و جۆراوجۆر وەردەگرێ و ئاوێتەی یەكیان دەكات. ڕۆمانی سەدەی نۆزدە نموونەیەكی پڕ بەپێستی ئەم باسەیە، چونكی هەموو چەشنە گوتارێ، ئابووری و زانستی و ئاینیی و بنەماڵەیی و ئەخلاقی و هتد، تێكەڵ بەیەك دەكات" (وێبستێر، ٢٠٠٦، ١٢٩). ڕووداوەكانی نێو ڕۆمان هەر جۆرە ڕووداوێك بن دواجار لە نێو بۆتەی گوتارێكدا پەرش دەبنەوەو بەهای ڕووداوەكە وابەستەی ئەو گوتارە دەبێتەوە، كە ڕۆمان دیەوێت بیگەیەنێت، چونكە ئەوە گوتار و ئامانجی گوتارە لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەكانی ڕۆماندا دەبن بە داینەمۆی بەردەوامی گێڕانەوە "ڕووداوەكانی ناو گێڕانەوەی ڕووداو ئەوەندە گرنگ نین، بەڵكو چۆنێتی گێڕانەوەیان گرنگترە، واتا چۆن چیرۆكبێژ ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە و چ گوتارێك دەردەخات؟ ئەمەش لە كاری ڕۆماندا یەكپارچەیی ڕووداوو گوتار دەردەخات، تەنیا لە ئاستی تیۆریداو بۆ ڕوونكردنەوەی وەزیفەی ئەو دوو ڕەگەزە دەشێ ڕووداو و گوتار لە یەكدی جودا بكرێنەوەو بەجیا لێیان بكۆڵرێتەوە، گوتاریش بەو پێیە بریتییە لە فۆرمەڵەكردنی ڕووداو، واتە ڕووداو لە ناو گوتاردا بوونی هەیە و هیچ گوتارێكی گێڕانەوەییش لە ڕووداودا نەبێ بوونی نییە" (ئەسوەد، ٢٠٠٦، ٢١٨).

لە بونیاتی ڕۆماندا دەركەوتنی گوتاری زاڵ لە نێو فرە چەشنی گوتارەكاندا خۆی دەنوێنێ و دەسەڵاتی خۆی بەسەر گوتارەكانی دیكەدا دەسەپێنێ و ئەم حاڵەتە لە ڕۆماندا هەم لەسەر دەستی گوتاری گێڕانەوەیی دێتە ئاراوە، كە تیایدا دەنگی وەگێڕ دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ڕووداوانەدا دەسەپێنێ كە باسیان دەكات، هەمیش لە ڕێگەی ئەم گوتارە ڕەگ داكوتراوە جۆراو جۆرانەی لە گێڕانەوەدا بوونیان هەیە و ڕۆماننووس بایەخی گرنگتریان پێ دەدات و زەقیان دەكاتەوە. چۆمان هەردی لە كتێبی بێدەنگی و كۆكۆژیدا لەم بارەیەوە دەڵێت: "ڕۆمانی باش ئەو ڕۆمانەیە، كە لە ڕێی خوڵقاندنی كۆمەڵێك كاراكتەری زیندوو گێڕانەوەی چیرۆكێكی تایبەتیەوە باس لە كۆمەڵێك چەمكی جیهانی و گرنگی وەك عەدالەت، حەقیقەت، عەشق و جوانی دەكات. دەتوانێ كۆمەڵێ چەمكی ئالۆزی فەلسەفیمان بۆ بەرجەستە بكات و بە ئەندازەی چەندین كتێبی مێژوویی و فەلسەفی تێگەیشتنمان بۆ ئەم چەمكانە فراوانتر بكات. ڕۆمانی سەركەوتوو دەبێتە مایەی گەشەسەندنی تێگەیشتنمان بۆ مرۆڤ بوون. دەمانخاتە گومانەوە بەرانبەر بەبیروباوەڕە باوەكانی كۆمەڵگە، پرسیارمان لا دروست دەكات سەبارەت بەو شتانەی كە لە كاتی ئاساییدا لامان ڕوون و ئاشكرایە یان پێچەوانەیە" (كاكەڕەش، ٢٠٠٨، ٦٩). بۆیە، لە بونیادی ڕۆماندا هەڵی تێرامان و وروژاندی پرسیار و گەڕان بەدوای ڕەهەندە جیاوازەكان نێو ڕووداوەكانی ژیان لە گۆشەنیگاو تێڕوانینی ڕۆماننووسەوە سەرچاوە دەگرێت و لە هزرو ئایدیۆلۆژیای كاراكتەرەكاندا وێنا دەبنەوە. دەرفەتی فرە دەنگی و هاتنە قسەش ڕووداوەكان پڕ دەكەن لە سیمای گەیاندنی مەبەست و ئامانجی گوتاری ڕۆمان، چونكە "ڕۆمان، كۆگایەكە پڕاو پڕو تژی و دارماڵ لە جۆرەكانی قسە -الكلام- و شێوەكانی زارگۆو دارشتن...كە دەبنە دەفر و بۆتەی وشەگەلێكی پەتی بۆ دەربڕینی ئاستە جیاوازەكانی باری دەروونی و پێگەی چینایەتی و ئاڵو گۆڕكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و ئایدیا و هزر" (سەڕاج، ٢٠٠٧، ٧٠).

هەر لە سەرهەڵدان و گەشەكردنی ژانری ڕۆمانەوە ڕۆمان گرێدراو و وابەستەی گۆڕانكارییە جۆراو جۆرەكانی وەك گۆڕانكاری سیاسی و كۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئاینیی و ڕەهەندە جیاوازەكانی دیكەی ژیان بووە و لەبارترین كەرەستەو ژانری گوزارشتكردن بووە لەو ڕەهەندە جیاوازانە. لەو ڕوانگەیەوە دەشێ ڕۆمان ببێتە تەواوكەری ناسنامەی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك و لەهەوڵی ئەوەدابێت گوزارشت

لەتێکڕای لایەنەکانی ژیانی نەتەوە بکات و تەواوکەری سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ئەدەب و بەشەکانی دیکەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بێت و پوختەی بەسەرهات و بارودۆخی کۆمەڵ لە شێوەی چیرۆکی هونەرییدا بۆ ساتەوەخت و داهاتووی نەتەوەکەی بگێڕێتەوەو لە پشتی ئەو گێڕانەوەیەشدا گوتاری ڕۆمان خۆی بنوێنێت. گەیاندنی هەر گوتارێکیش لە نێو ژانری ڕۆماندا پێویستی بە ئافراندن و خولْقاندنی جیهانێکی نوێ هەیە، کە ئەگەر سەرچاوەی بابەت و بیرۆکەکەش لە ڕووداوێکی واقیعی وەرگیرابێت ڕۆماننووس ناچار دەکات زیاتر لەو واقیعە بڕوانێت و هەمان واقیع نەگوازێتەوە سەر پەڕەی کاغەز، بەڵکو ئەو واقیعە لە ڕووداوێکی ئاساییەوە بەهونەری بکات و لە پێناو گەیاندنی گوتاری دەقەکەیدا داهێنانێك بخولْقێنێت، کە هەڵگری گوتارە تایبەتمەند و ئامانجدارەکەی خودی دەقەکەی بێت، هەر بۆیە "ڕۆماننووس، لاسایی واقیع ناکاتەوە، کت و مت ژیان بگوازێتەوە سەر کاغەز، بەڵکو واقیع و زەمەنێکی نوێ دێنێتە گۆڕێ، دەی ئافرێنێت و سواری بوراقی خۆی دەبێ و -إسرا و میعراج-ی خۆی دەکات، کەواتە لە ڕۆماندا متمانەی خوێنەر بە بیناسازی -معمار-ی گوتارەکە پێویستە...بۆ ئەوەی زەمەنی بوونایەتی و -وجودی- و سایکۆلۆژی- نەست و ناخی کەسایەتییەکان دەربخات" (سەراج، ٢٠٠٧، ٣٢). گەیاندنی گوتاریش پێویستی بە زمانێکی گونجاو هەیە، کە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی گوتاری دەق یەکانگیر بێت هەموو دەربرین و گەیاندنی پەیامەکانی هەڵگری ڕەهەندی بنچینەیی گوتارەکە بیت "هەموو گوتارەکان لەڕێگەی زمانی داڕشتنەوە خەریکی جوانکردنی خۆیانن و هەوڵدەدەن لە کارکردندا بۆ بەجێهێنانی بزوێنتر و بەهێزترین" (عەلی، ١٩٩٨، ٨٦)، چونکە "زمـانی نووسینی ڕۆماننووسەکان جیهانێکی بەرفراوانی لەخۆوە گرتووەو بەبەردەوامیش لە گۆڕان و پێشکەوتندایە بۆ شاییگەرییەکی مەزن لەمەڕ ڕووداو و پاڵەوان و شوێن و کات دروست دەکات بەو مەبەستەی لە قالبێکی ئەدەبی یەکگرتوو دابڕێژرێت لە پێناو سەلماندنی ناسنامەی ڕۆشنبیریی و هەوێنی ناوەوەی کۆمەڵگا، زمانەکەشی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی نزیکی بە باری ئابووری و رامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونناسی هەمەلایەنە هەیە" (ساڵح، ٢٠٠٦، ٣٩). ئەمەش خوی لە خۆیدا بەرهەمهێنانی جۆرە زمانیکە، کە تەژی بێت لە بەرهەمهێنانەوەی واتا، چونکە گەیاندنی واتا لە دەقدا گەیاندنێکی بارکراوە بە دەلالەتی فرە ڕەهەند ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو دەقانەی تایبەتمەندی گێڕانەوەیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە فەزا و زەمینەیەکی زمانی تێکچڕژواتر بەرهەم دەهێنێ و دەبێتە هەڵگری جیهانێکی تەژی لە ڕایەڵی هزری و فەلسەفی و چەندین ڕەهەندی جیاوازی دیکە "گوتاری دەق دەشێ بەردەوام خۆی وەك پرۆسێس و فەزایەکی کراوە، خودی خۆی ڕەنگڕێژ بکات و بازنەکان واڵا بکات، بەڕووی پرسیار و گومانەکان، بەڕووی سەرجەم رەهەندە زمانەوانییەکان خۆی بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەودیو زمانە سواوەکەی دونیای واقیع، زمانێکی پڕ ئیستاتیکانەی دەلالەت بەخش و لەزەتکرد، رووگەکانی خۆی نمایان بکات و مانا و ڕەهەندە نەکراوەکان ڤالا بکات" (پیرداود، ٢٠١٠، ١٧٦).

بۆ ئەم مەبەستەش ڕەنگە ڕۆمان لەبارترین ژانری ئەدەبی بێت بەهۆی بەرفراوانی و پانتایی گێڕانەوە "زمان لەناو دەقی ئەدەبیدا، یان دەقی ئەدەبی لـە چوارچێوەی زماندا، بەجۆرێ ئاوێتەی یەکدی دەبن و لە بۆتەی یەکدیدا قاڵدەبنەوە و گەشە دەکەن و لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا بەرجەستە دەبن مەگەر هەر زاراوەی دەق پڕ بە پێستی بێت. جا بۆ گەیشتن بەو ئاستە هونەرییە باڵایە، واتە لە پرۆسەی بەدەقبووندا، دەق نەك هەر خۆی بەڵکو زمانیش لەگەڵ خۆیدا بەرهەمدێنێ. دیارە ئەم حاڵەتە بۆ ڕۆمان و لە دونیای ڕۆماندا یەگجار فراوانتر و بەرینتر دەبێتەوە" (عارف، ٢٠٠٨، ٢٠٥)، چونکە هەر زمانی گوتن و گوزارشتلێکردنی نووسەر و تیڕوانین و سەرنجدانی لە ڕووداوەکان کێشە و ئاریشە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵە دواجار دەبنەوە بە زمانی گوتن و گەیاندنی پەیامی گوتاری کاراکتەرە جیاوازەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەو ململانێی ئایدیولۆژیا جیاوازەکان و گەیاندنی گوتار، جا چ گوتاری نەتەوەیی بێت و چ گوتاری سیاسی و چ گوتاری ئاینیی ...تاد.

**١- گوتاری نەتەوەیی**

هەموو نەتەوەیەك خاوەن دیدگای نەتەوەیی خۆیەتی و دواجار لە ناسنامەو بوونی نەتەوەییدا لەسەر ئاستی کۆمەڵ و لە بوونی هەر تاکێکی کۆمەلگەش دەبیتە گوتار و گوتاری نەتەوەیی. ناوەندی سەرەکی و بنچینەیی لە واتای نوێی وشەی دیسکۆرس بریتییە لە مەبەست و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، واتا دەربڕینێکی زمانی، کە کاکڵ و ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی هەیە "لەم گۆشە نیگایەوە هەر قسەیەك، گوتوبێژێك، یان گوتارێك دیسکۆرس نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە کە وتەیەك دەکاتە دیسکۆرس و گوتارێك بە خەسڵەتی دیسکۆرسی دەڕازێنێتەوە. بۆ بیرمەندانی هاوچەرخ دیسکۆرس بریتییە لە هەموو شێوازەکانی پەیوەندیگرتن چ لە سیمای نووسراوەو چ لە شێوازی زارەکیی. بۆیە بەگشتی دیسکۆرس بریتییە لە شێوازەکانی گەلاڵەکردن و پێشکەشکردنی بابەت و دیاردەیەك بۆ گواستنەوەی بیرو هۆز. بەو واتایە دیسکۆرس هەمیشە روخسار یان پێکهاتەیەکە کە لە ئاوێتەبوونی زانیاری و زانست لەگەڵ ئامانج و ویستی کۆمەڵایەتی" (شەمس، ٢٠١٩، ٢٩١).

ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە کە گوتار لە بوونی خۆیدا شێوازەکانی گەلاڵەکردنی واتا و چۆنیەتی گەیاندنی ئەو بیرو هزرەیە، کە ویست و ئامانجی گەیاندنی مەبەست و ئامانجێکی دیارکراو لە خۆیدا هەڵدەکرێت، هەر "بۆیە گوتار (Discoarse)لە تەعبیرە جیاوازەکاندا، پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە، بە بڕوای ئێمیل بنوەنیست (١٩٥٣-١٩٧٦) گوتار، بەشێکی زمانە کە پەیوەندی بەقسەبێژ و شوناسەکەی (Indentity) و هەڵکەوتی کاتی و شوێنی ئەو هەیە، لەم بۆچوونەدا گوتار بریتییە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و شوناس سازی زمان" (بریسلێر، ٢٠٠٢، ٦). بۆیە بۆ گەیاندنی خودی هەر گوتارێك پێویستە زمانێك لەکاردابێت، کە خاوەن شوناسێکی تایبەت بەخۆی بێت و ئەمەش لە هەلومەرجی بوونی دام و دەزگای نەتەوەییدا خۆی دەبینێتەوە "دەستەبەر کردنی ناسنامەیەکی هاوبەش بۆ کۆمەڵێك مرۆڤ نەك لەسەر بنەمای پەیوەندییە ئێتنیکییەکان، بگرە لـەسەر بنەمای پەیوەندییەکی هـاوبەشی زەینی و دیموکراتیك، لـە هەلومەرجی لە ئارادا نەبوونی دام و دەزگا و سازییە تایبەتییەکانی دەوڵەت-نەتەوەدا، پێویستی بە پلانداڕێژیی چەند ڕەهەندییانە هەیە، ڕەهەندە گرینگەکانی پلانێکی ئەوتۆ لایەنی سیاسی، ئایدیۆلۆجیك و فەرهەنگییان هەیە. گوتاری ئەدەبی. بەتایبەت گوتاری گێڕانەوەیی، یەك لە ئامرازە هەرە کاراکانی گەیشتن بەمەبەستێکی لەم چەشنەیە" (ئەحمەد زادە، ٢٠١٢، ٢٥).

لەم نێوەندەدا گوتاری گێڕانەوەیی و ئەو ژانرانەی خەسڵەتی گێڕانەیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتووە دەبن بە ڕووگە و ئەو پانتاییەی، کە دەیەوێت لە هەل و مەرجی گونجاودا ببێتە زمانحاڵی گەیاندنی گوتاری نەتەوەیی بەتایبەتی لە بارودۆخێکدا کە ڕووبەڕووی نەتەوەیەکی دیکەی خاوەن ڕۆئیا و ناسنامە و گوتاری تایبەتی ببێتەوە "ئەگەر کەمایەتییەکان، تووشی پەتای (غیابی گوتار) بوونە، لەولاوە دەبینین کۆمەڵگاکانی زۆرینە خاوەنی سامانێکی فیکری و زمانین کە دەکرێ بە -دابەستراوی گوتار- ناوی ببەین. بەم شێوەیە دەبینین دیالۆگی نێوان زۆرایەتی و کەمایەتی یان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات کە هەمان دیالۆگی نێوان کۆمەڵگای خاوەن گوتار و

کۆمەڵی بێبەری لە گوتارە، لە ڕاستیدا، بریتییە لە تاکبێژیی خاوەن گوتار و دووپاتکردنەوەی بەستەزمانانەی هەمان تاکبێژیی لە لایەن کۆمەڵی بێبەری لە گوتار و وەرگرتنی شوناسی بێگانە و توانەوە لە ناو دەسەڵاتی ئەودا" (برێسلێر، ٢٠٠٢، ٦).

دەکرێ کردەی نووسین لە بنچینەدا کردەیەکی ئامانجدار بێت بۆ گەیشتن بە جیهانی واتا نادیارەکان کە لە نێو تانوپۆی خۆیدا هەڵیدەگرێت و ئەدەبیش بەتایبەتی ژانرەکانی گێڕانەوە لەو گۆشە نیگایەوە خۆیان دەنوێنن بۆ ئەوەی هەمیشە لە نێو دونیای واقیعدا گوتارێك بەرهەم بهێنێت، کە گوزارشت لە واتای گوتارە پەنهانەکان بکاتەوە. لەو ڕووانگەیەوە نووسەرانی بواری ئەدەب بەگشتی و ژانری ڕۆمانیش بە تایبەتی دەتوانن بەرهەمەکانیان بکەن بەو کەناڵەی کە هەڵگری گوتاری مەعریفی خۆیان بن و بوێرانە ڕووبەڕووی گوتاری باڵا و خۆ نوێن ببنەوەو دژ هەڵوێستی بەرانبەر بە گوتاری زاڵ بنوێنن "نووسەر زۆر بوێرانە بەچەکی مەعریفەو فیکر هەمیشە جانتاکەی پڕ دەکات لە فیشەکی گومان و پرسیار، هەڵوەشاندنەوە، درز درز کردن، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سەرجەم فەزا نارۆشن و تەقدیسکراوەکان ببێتەوە، بۆ ئەوەی لە نێو فەزایەکی ناجوانیدا، فەزایەکی جوان بخولقێنێ، ئیتر دەبێ ئەدەب چی بێ جگە لە کەناڵێك، فەزایەك، کە تێیدا پەردە لەسەر فەزاحەتەکانی نێو کۆمەڵگا، کە ڕووبەڕووی مرۆڤەکان دەبنەوە هەڵبدرێتەوە، یاخود دەبێ چی بێت جگە لە نووسینەوەوەی گریان و قیژەی کچێك لە نێو شەوێکا، یاخود هەر ڕووداوێکی دی، کە ڕۆژانە لە نێو کۆمەڵگا خراپەکانی دونیای ڕۆژهەڵات، کە هەمیشە مێژوو تۆماریان ناکا و فەرامۆشیان دەکات" (پیرداود، ٢٠١٠، ١١٢).

## ب- گوتاری ئایینی

ئەو گوتارەیە، کە سەرچاوەکەی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) یان هەر سەرچاوەیەکی دیکەی ئیسلامیە. بابەتەکانی هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و لایەنی پەروەردەیی و ڕەوشتیی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی دەگرێتەوە. پێناسەی گوتاری ئایینی دەکرێ بەوەی "مەنهەجێکە ژیانی موسڵمانان سیستەم دەکات، چونکە گوتاری ئایینی بانگت دەکات بۆ دینی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی زانست و ڕەوشتەکەی لە نێوان خەڵکی" (حمد، ٢٠٢١، ٥٣) گوتاری ئایینی پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ناو کۆمەڵگادا، ئەم پێگەیە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەیە لەسەر ڕێنمایی و ڕەفتاری گشتی تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆی دەربڕینی فەرمان و حوکمەکانی ئایین. گوتاری ئایینی زمانی ئایینە لەگەڵ ئەوانی تردا. یەکەم کەناڵە بۆ گەیاندنی پەیامی بەهەشت بەسەر زەوی. یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی گەیاندن و پەیوەنیکردن لە نێوان گەلاندا. ئایین بێ سنوورەو پەیوەندیی بە هەست، هۆش، باوەڕ و گیانەوە هەیە، لە نێو دڵ و دەروونی دەژی، وەك هەوا وایە، بە هەموو ناوچە و وڵات و کیشوەرێکدا بڵاو دەبێتەوە، لە نێو باوەڕی هەموو مرۆڤێکدا، ڕەگی قووڵی خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان دادەکوتێ. "هێزی گوتار لە جۆرو شێوازی پەیوەندیکردنەکە دەردەکەوێت، گەیەنەری یەکەم کە هێزێکی ئاینییە، ئامانجە کانی گەیاندنی مەبەستێکە بۆیە پەیوەندی ئایینی لەسەر پێنج بنەما بەڕێوە دەچێت (بەرهەمهێنی گوتار، وەرگری گوتار، پەیام، کەناڵ، دەوروبەر) گوتار دەسەڵات دروستدەکات و ڕەوتی کاریگەرییەکان و کاردانەوەو بەدیهێنانی ڕای هەمەجۆر دێنێتە بەرهەم و کاریگەری لەسەر ئاستی دەروونی و کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی تاکەکان بەدیدەهێنێت" (حمد، ٢٠٢١، ٥٧)

وەك دیارە خودی گوتار هەر لە خۆوە دروست نابێت، بەڵکو خاوەنی گوتارەکە بە ئامانجی گەیشتن بە مەبەستەکانی دەیگەیەنێت. هەر بۆیە لە دایکبوونی گوتار ئامانج تیایدا گەیاندنی کاریگەرییە لەسەر وەرگر. لێرەدا دید و تێڕوانینی خاوەن گوتار لە تێگەیشتن لە خودی ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەمەش دەبێتە فاکتەری جۆری گەیاندنی مەبەست، لە بارودۆخی گەیاندنی گوتار لە بارێکی ئاساییدا ئایین دەبێتە سەرچاوەی ئاشتی و ئاوەدانی و خۆشبەختی بۆ تاکەکانی هەرچی کۆمەڵگایە، بەڵام کاتێك ئایین تێکەڵ بە باری سیاسی و نەتەوایەتی دەکرێت دەکرێتە چەك و ئامرازی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و نەتەوەکانی دیکە ئەوا ئایین دەشێ ببێتە هۆکاری باڵا دەست و دەسەڵاتی بەکارهێنەر و گەیەنەری گوتار. لە حاڵەتی لەم جۆرەشدا گەیەنەری گوتار دەشێ ڕەوایەتی کوشتن و لەناو بردن و لە خودی گوتار وەربگرێت، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا خودی گوتاری ئایینەکە ئایینی تەبایی و پێکەوە ژیان و ژیان دۆستی ئاوەدانی و ئاسوودەیی بێت هەر وەك ئەوەی زۆرینەی ئایینەکان و لە دواتریشدا دواهەمین ئایین، کە ئایینی پیرۆزی ئیسلامە هەڵگری ئەم جۆرە ناسنامەیەن لە بنەڕەتدا، "بەواتا لە بنەڕەتەوە دەرکەوتنی گوتاری ئایینی بەمەبەستی جولاندنی مرۆڤ بووە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوە، بۆ پەیبردن بە گەوهەری مەسەلەی ئایین و پەیوەندی بە بوون و ژیانەوە. هەر بۆیە گوتاری ئایینی وەك هەر گوتارێکی تری سیاسی یان فیکری و مەعریفی هەوڵیداوە لە پانتاییەکی بەرفراوانی جوگرافیدا باڵادەست بێت" (قەرەداغی، ٢٠٠٧، ٧٣)، بەڵام ئەوە تێگەیشتن و ئامانجەکانی تاك و نەتەوەو دەسەڵاتی سیاسی و حوکمدارین، کە ئەم ناسنامە لە ئایینەکە وەردەگرنەوە کاتێك بۆ بەرژەوەندی و ئامانجە دیاریکراوەکان لە بەرانبەر ئەوانی دیکە و نەتەوە جیاوازەکان بەکاریدێنن.

## بەشی دووەم: لێکەوتەکانی گوتار لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا.

### تەوەری یەکەم: گوتاری نەتەوەیی و دژەگوتاریی لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا

لە گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا لە نێوان دوو کاراکتەری دیاری نێو ڕووداوەکاندا (دڵداری مەلەك خاتوون- کە ڕزگاربووی پرۆسەی ئەنفال)ەو (حەجاجی تکریتی) وەك ئەفسەرێکی ستەمکاری شۆڤێنی عربی و بەرپرسی دیاری کوشتن و جینوسایدکردنی پرۆسەی ئەنفال گفتوگۆی چڕوپڕ و قوڵ ئەنجام دەدرێت و هەریەکەیان خاوەن گوتارێکی تایبەت بە خۆیانن بەرانبەر پرۆسەکە بە جۆرێك، کەوا لە پشتی گوتاری حەجاجەوە گوتارێك وێنا دەکرێت، کە گوتارێکی ڕێگە پێدراو و یاسایی نەتەوەیی شۆڤێنیەتی عەرەب و دەسەڵاتی بەعسیزمە. لەپەیامی ئاراستەکراوی حەجاجدا ئەم گوتارە شوڤێنیەی حیزبی بەعس تەواو خۆی وێنا دەکات بەرانبەر بە دڵدار و تا ئەوپەڕی سووکایەتی کردن بە نەتەوەی کورد. مەسەلەی نەتەوەیی بوون و ئازادی و خەڵك و خاك و دەسەڵات و پاراستنی کەرامەت دەبەستێتەوە بە شکۆی نەتەوەیی بوون و لەوێشەوە ڕەوا نەبوونی خواپەرستی پابەندبوون بە بنەما ئایینیەکان ئاماژە پێدەکات و هەر لەو ڕوانگەیەوە کورد بە نەتەوەیەکی بێ شوناس و بێ بەها وەسف دەکات، ئەمەش گوتارێکە، کە گوتاری سنوورکێشانە لە نێوان چاك و خراپ و ماقوڵ و ناماقول، کە تێیدا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی هێز دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە چی ماقوڵەو چی ناماقوڵ و چی باشەو چی خراپ. گوتاری ئەوە ڕادەگەیەنێت لە کاتێکدا کورد وەك نەتەوە نەتوانێت خاك و خەڵك و نەتەوەکەی خۆی بپارێزێت ئیتر ئایینداری و خواپەرستی بۆ ئەم نەتەوەیە دەبێتە ناماقول و سوودێکی ئەوتۆ بە نەتەوەی

کورد ناگەیەنێت ئەگەر ئەم خودا پەرستی و ئایینداریيە بە بنەماکانی ئایینی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە تا ئەوپەڕیی ڕەهەندەکانی پابەندبوونیش تێپەڕێت "ئەمجارە بەوپەڕی گاڵتەجاری و ئیهانەکردنەوە: ئەزانی دڵدار، کاتێ مرۆڤ شەرەفی ئازادی و خەڵك و خاکەکەی لەدەستبدات و بیانکات بە کەنیزەك هیچ مانایەك بۆ خواپەرستی و یەکتاپەرستی نامێنێت! ئەزانن دینداریی بەر لەوەی خواپەرستی بێت غیرەت و مەردایەتی و خۆشەویستی خاك و خەڵکی خۆتە! ئەزانی چ هەرسبوونێکە؟! ئەزانن کاتێ نەتەوەیەك نەتوانێ کەرامەت و شەرەفی خۆی بپارێزێت باس کردن لە خواپەرستی و ئیمانداریی جگە لە کۆیلایەتییەکی سوك و بێ هەیبەت هیچ مانایەکی دیکەی نییە! تفووو وووو لە هەزار نەتەوەی بێ شوناسی وەکو ئێوەی کورد! دەبڕۆن هەر سەر دانەوێنن کوڕی کەر، تا پێتان دەکرێت پایەکانی مزگەوتەکانمان بەرز کەنەوە، وەکو سونبولێکی شورەیی بۆ نەوەکانی داهاتووتان، تا پێتان کرا قوببەکانی بەرز کەنەوە، تا پیاوەکانتان تاجی کەنیزەکی کچەکانتان لەسەر نێن!" (سۆران، ٢٠١٩، ٢٨).

ئەم گوتارە لای حەجاج ئاماژەی پێ دەکرێتەوەو بەڵام لە دید و ڕوانگەی جەجاج وەك بکەری و کارکردی ئەنفال گوتارێکە دەچێتە ڕوانگەی گوتاری جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست. بە پێی ئەم تەکنیکەش هەموو کۆمەڵگایەك کۆمەڵێ ڕاستی بۆ خۆی بەرهەمدەهێنێ، کە دەیکاتە پێوەری هەموو حوکمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی و سایکۆلۆژی و هتد. ئەوەتا حەجاج تەنانەت حەققەتی دەنگ هەڵبڕینیش بۆ ئەنفالکراوەکان بەڕەوا نازانێت پێی وایە دەنگ هەڵبڕین و قسەکردن لێیان قەدەغەکراوە، ئەمەش جارێکی دیکە بیستنی گوتارێکی شۆڤینیانەی حیزبی بەعسە لەلایەن حەجاجەوە بەسەر نەتەوەی کورددا دەدرێتەوە دڵداری مەلەك خاتوون ئاماژەی پێدەکاتەوە. "ئێوارەیەك بوو لەسەر خوانی خودا و شەیتانە دووقاچەکان. بێ ئەوەی نەخودا دیاربێت و نە شەیتان! تەنها دەنگی تراکتۆرەکان و زیلەکان دەهات. خۆرێکی نارنجیش لە سارات و دەستاییەکانی خوارووی سەماوە تا دەهات ئاواتر دەبوو. بەرەو تاریکی دڵی جەستە و ڕۆحی کوژراوەکانی بۆ هەتا هەتایە لە بیابانەکەدا حەشار دەدا. جار جاریش لە قوڵایی بیابانەکەوە گوێی لە ڕۆحی نەعرەتەی باو باپیرانی هۆز و تیرەکانیان دەبوو...ئادەی بیان بەنە قوڵایی سەردابەکان تاکەس نەیانبینێت. ناشمانەوێ دەنگ هەڵبڕن. ئەم شوێنە بۆ دەنگ هەڵبڕینی کەس نییە بەتایبەتی کورد. مێژووی بێدەنگی لەم سارات نشینە رۆژگاری ساردو گەرمی چەشتووەو کۆتایی بۆ نییە. تەنها دەنگ بۆ زمانی خەلیفەو ئەمیرەکانە. ئەی بەدبەختەکانی سەر زەمین تێگەیشتن؟! دەنگ بۆ بەعسییەکانە بەس بۆ ئیماندارانی دورگەی وشترەکانە. بۆ بەعسییەکانە. نەوەی کوڕانی فتوحات و بیر و ئیمانی باوباپیرانی بیابانی شەیتانەکان" (سۆران، ٢٠١٩، ٥٠).

لە بەشێکی دیکەی گوتاری دەسەڵاتداری حیزبی بەعس، کە لەسەر زاری حەجاجەوە ئاراستەی دڵداری مەلەك خاتوون دەکرێت هەوڵدانی حەجاجە بۆ گەیاندنی گوتارێك، کە بە بڕواو بۆچوونی بەعسیانەی خۆی گوتاری ڕاستەقینە و ڕاستە، کە دەبێ دڵداری مەلەك خاتوون بڕوای پێ بهێنێ بۆ ئەوەی لە وەهم و خورافاتی کورد بوون پاشگەز بێتەوە بە ئامانجی ڕزگاربوونی لە مەرگ. ئەمەش گوتاری سنوورکێشانە لە نێوان شتەکاندا، کە حەجاج بەعسی بوون بەڕاست دەزانێت و کورد بوون بە وەهم دەزانێت ئەمەش جیاکردنەوەی شێتی لە عەقڵ، ماقوڵ لە ناماقوڵ، باش لە خراپە بە پێی تیۆری ئاراستە و ئامانجی فۆکۆ، کە ڕایدەگەیەنێت دەسەڵاتی هێز دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە چی ماقوڵە و چی ناماقوڵ و چی باشە و چی خراپ، چی مانادارەو چی بێمانا. واتا تەکنیکی دەستنیشانکردنی پانتایی مەعقوڵیەت لە کۆمەڵگایەگدا، کە بێگومان هەموو ئەو شتانەی دژ بەو سیاقە باڵادەستە کاردەکەن وەك ناماقوڵ دەناسێنرێن. "هەر کە حەجاج گەڕایەوە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێی گوتم دڵدار ئەمڕۆ هاوڕێکانت هاتبوون. لەسەر ئاستی پارێزگاکان خۆیان بفرۆشن! هەر هەموویان دەستی سەرۆکیان ماچ دەکرد. یان شانی. تا بیانکەن بە پارێزگا، بەڵام سەرۆك بەو پرۆژەیە ڕازی نەبوو. بەشێکی هاتنەکەیان بۆ ئەوە بوو منداڵەکانیان بپارێزن لەسەر سنوور. ئێوەش ڕەوانەی دۆزەخ کران. تا کاتی ئەم دانیشتنەی من و تۆ میوانی سەرۆکن لە ڕەشید و شیراتۆن ئەخۆن و ئەخۆنەوە! هەی نەتەوەی کەلەپوت! ئەوەی دواکەوتووی وەهمە بەیەك سازش دەفرۆشرێ. چاکتر وایە بڕوام پێ بکەی تا خۆت ڕزگار کەی" (سۆران، ٢٠١٩، ١٢٠).

بەرانبەر ئەم گوتارە ناسیۆنالیستە عەرەبییەی تەژی کراوە بە بەرنامەی حیزبی بەعس، کە لە سەر زاری حەجاجەوە ڕادەگەیەنرێت گوتاری شاکەسی ڕۆمانەکە خۆی دەنوێنێت ئەویش گوتارێکە، کە وەك جۆرێك لە بێ گوتاریی نەتەوەیی بوونی کورد دەردەکەوێت لە چرکەساتی ئەنفالکردندا ئەوەتا دڵداری شاکەسی ڕۆمانەکە دەڵێت: "لە ژێر دەستی حەجاج و موسلیم کوردی زۆڵە کورد و نەعیم زەیدیدا بووم. وەنەوزێکم داو بدەم نەڕەیەکی بەرزەوە هاوارم کرد. تا پێتان دەکرێت لێمان بەن! بمانکوژن! چونکە ئەمە ئەسڵی ترسنۆکی باو باپیرانتان و سروت و کلتوور و زمانی ئێوەیە.. ئەمە کلتووری ڕاستەقینەی جەهالەتی ساراتنشینی ئێوەیە! ئەمەیە شەهامەت و میهرەبانی زمانەکەی ئێوە وانیە! بەبیرتان بێنمەوە چۆن لەو شاخانە وەکو سەگی گول لە ئیمانی جەهلتان دەپاڕانەوە.. تاوەکو نەتانکوژین! ئێوە زمانی مەردیەتیتان نیە حەجاج! هەرگیز شانازی بەخۆتان هۆز و تیرەو سروتەکانتانەوە مەکەن! شانازی بە کلتوور و زمانتانەوە مەکەن! جگە لەوەی بە درێژایی سەدان سالە بی بەهرەن لە داهێنان! ئێوە ترسنۆکترین گیانلەبەری سەر زەوین!." (سۆران، ٢٠١٩، ٢٩).

ئەم گوتارە وەك نەبوونی گوتارێکی نەتەوەیی دژ بە گوتاری حیزبی بەعس خۆی دەنوێنێت، چونکە هێندەی گەیاندن و پەردە هەڵدانەوەیە لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی مێژوویی نەتەوەی عەرەب و حیزبی بەعس هێندە گوتارێکی نەتەوەیی نەتەوەی کورد نییە لە بەرانبەریدا، دیارە ئەمەش لە ئەنجامی دەسەڵاتدارێتی حیزبی بەعس و بێ دەسەڵاتی و نەبوونی هێزی نەتەوەیی کوردە لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا. ئەم گوتارە لاوازەی لە بێ دەسەڵاتی تاکی کورد و ستەمکاری بێ وێنەی حیزبی بەعس، کە لەسەر زاری حەجاجەوە وێنا دەکرێت لەبەشێکی هەرە زۆری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێت. ئەوەتا لە ساتە وەختێکدا، کە دڵداری مەلەك خاتوون بە سەرسوڕمانەوە لە بیرکردنەوەی حەجاج دەڕوانێت هەمان لاوازی گوتاریی تاکی کورد وەك نموونەی بەرەنگاربوونەوە دەبینین، کە بۆ ڕزگار بوون لە مەرگەساتی پڕ لە ئازاری ئەنفال داوای کۆتایی پێهێنانی ژیانی دەکات لەسەر دەستی حەجاج "ساتە وەختێك بوو نەمدەزانی کەللەسەری حەجاج چی هەڵگرتووە؟! من لە جیهانێکدا بووم و ئەو لە ئاسمانێکی تر! تەنها بەدەم وەنەوز و جەستەی برینەوە دەمووت: لەم بیابانە ناڕۆم و ئەگەر شەرەفت هەبێت دەمبەیتەوە ژێر زەمینی تابووتەکان و لەوێ بەگوللەیەك ساردمکەرەوە. یان خۆت لەگەڵ ڕۆحما تاقیکەرەوە حەجاج!" (سۆران، ٢٠١٩، ٣٢).

بۆیە دەبینین کاتێك دڵداری مەلەك خاتوون دەیەوێت زار هەڵبڕێت و لە ڕووی حەجاج بوەستێتەوە حەجاج گوتارەکەی لە فۆرمی سووکایەتیکردندا دەگوازێتەوە بۆ فۆرمی جنێودان و بە گوتارێکی سەرکوتکارانە و سووکایەتی پێکردنەوە باس لە بوونی نەتەوەی کورد و قارەمان و پیاوی کورد دەکات و دەڵێت "ئەمجارە قارەمانەکەی کورد دەیەوێت قسە بکات دەی قسە بکە کوڕی قەحپە دەی! ئایە تۆ زمانی قسەکردنت هەیە؟ ئەم هەموو کچە جوانەی ئێوەم لەبەر دەستە ها. کوا پاڵەوانەکانتان؟ کوا

پیاوەکانتان؟ کوا ئیمان و دین و غیرەتتان" (سۆران، ٢٠١٩، ٣٣). بوونی گوتارێکی باڵا لە لایەن حەجاجەوە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد و دەرخستنی حەقیقەتی ڕەهای گوتاری حیزبی بەعسی عەرەبی و لە بەرانبەردا بوونی گوتارێکی یەکجار لاواز تا ئاستی نەبوونی گوتاری کوردی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەمیشە هێز دەبێتە سەرچاوەی گوتاری باڵادەست و نەبوونی هێزیش بەرهەمهێنەری گوتاری لاوازە، لەمەشدا ڕۆماننووس یان گێڕەوەوەی ڕۆمان دەیەوێت لە لایەکەوە حەقیقەتی تراژیدی ئەم ڕۆژگارەو شکستی شۆڕش و گوتاری کوردیمان بۆ بەیان بکات و لە لایەکی دیکەشەوە ڕاستیی و چەسپاوی گوتاری حیزبی بەعسمان بۆ نەخشە بکێشێت تا ئاستی ڕەهایی بڕوا پێ بوونی ئەندامانی ئەم حیزبە لەسەر ئاستی تاك و ئاستی نەتەوەدا. لەمەشدا ڕۆماننووس بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ چۆنیەتی گەیاندنی گوتارەکان کردووە، چونکە لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆماندا هەمیشە "گوتارەکان یان یەکگرتوو و پێکەوە یان دژی یەك و دوور لەیەك ئەرکی خۆیان بەڕێوە دەبەن" (وێیستێر، ٢٠٠٦، ١٢٨).

لە بەشێکی دیکەی گێڕانەوەی ڕەوتی ڕۆمانەکەدا لە دەرەوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە نوگرە سەلمان و بیابانە ساراتنشینەکانی عەرەبستان هەر لەسەر زاری دڵداری مەلەك خاتوونەوە وەك بگێڕەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەر لەوەی بکەوێتە بەر شاڵاوی ئەنفال لە لایەن ئەو پێشمەرگانەوە کە لەدەست هێرشی ئەنفالکردن شاخەکان هەست بە دەربڕینی جۆرە گوتارێك دەکرێت، کە گوتاری هەڵسانەوەیە لە سەردەمی شکستی کورددا لە سەردەمی ئەنفال "ئێمەی کورد ناتوانین لەو پەیوەندییە دیالێکتیکە دەرچین کە لە نێوان لۆژیکی سەرکەوتن و لۆژیکی شکستدا هەیە. لەساتەکانی شکستدا دەگەڕێینەوە بۆ حەکایەتی سەرکەوتن. وزەی سەرکەوتنیش لە حەکایەتەکانی شکستەوە بەدەستدەهێنین. واتا هەردوو حاڵەتەکە لەناو خەیاڵی ئەتنە جیاوازەکاندا بوونیان هەیەو بەبێ جیاوازی کاری خۆیان دەکەن" (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ٣٥)، وابەستە بوونی تەواو ناوەڕۆکی ڕۆمانی کوردیش بە گوتاری نەتەوەییەوە ڕەنگدانەوەی هەل و مەرج و بارودۆخە تایبەتەکانی نەتەوەی کورد بووە و تەنانەت گوتار و ئاراستە و ئەندازەی گوتارەکانیش هەر لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە. (هاشم ئەحمەد زادە) لەم بارەیەوە دەڵێت: "بەباوەڕی من ڕۆمانی کوردی لە باری تێماوە بەشێوەیەکی گشتی لە چوار چێوەی پرسی بێ ناسنامەیی نەتەوەیی کوردانەدایە، باڵادەستبوونی تۆوەکانی گوتاری نەتەوەیی لە ڕۆمانی کوردیدا بەدروستی ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی تایبەتی نەتەوەی کوردە لە ئەدەبی گێڕانەوەدا." (ئەحمەدزادە، ٢٠١٢، ٢٣). دژە گوتاری تاکەکانی کورد زیاتر گوتارێکی بەرەنگاری ڕوحی نەتەوەیی و گوتاری هاندان و بەردەوامی شۆڕشە دژ بە گوتار و ڕەفتاری دکتاتۆرانەی حیزبی بەعس و پرۆسەی ئەنفالکردنی نەتەوەی کورد لەو کاتەدا. ئەم گوتارەش لەسەر زاری دوو پێشمەرگەوە دەدرکێنرێت "ئەو ئێوارەیە فەیزوڵڵا بڕنە و بەنێوو هێزەکەدا نەعرەتەی دەکردو دەیگووت: بەعس بۆیە بەو دەردەی بردین تا چۆکی بۆ دادەین، ئێمەش تازە هیچ شتێکمان نەماوە لە دەستی بدەین، دەبێ خۆمان ئامادەی تۆڵەکردنەوە و بەدەستهێنانی ئازادی بکەین، مەردبن و چۆك دامەدەن. تەنها چیاکان ببڕن. لە دۆڵەکەی ئەو بەرەوەش کەسێکی دیکە قسەی دەکرد هەردەتگوت بورکانە دەتەقێتەوە: خوشکەکانتان، دایکەکانتان، ژنەکانتان. براو کچ و منداڵەکانتان لە بیرمەکەن، شۆڕش بەم کارەستەش کۆتایی نایەت، بەردەوام بوون نیشانەی سەرکەوتنی ئێمەیە" (سۆران، ٢٠١٩، ٨٢). ئەم گوتارە بەرەنگاربوونەوەیە، کە بگێڕەوەی ڕۆمان بە گوتارێکی کوشندەی ناو دەبات، گوتارێکی کوشندەی ئەبەدی نییە، بەڵکو بە گوتارێکی کاتی وەسفی دەکات و لەگەڵ کاتی بوونیشیدا هەڵگری ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەیە و ڕقێکی زۆری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کە سەری غرور و لە خۆبایی بوونی لە نێو هەوری چیاکانە. شەوی ئەفسانە بوونی تراژیدیای ئەنفالە و شەوی برینی بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگەو دڵی برینداری کوردە. لەگەڵ ئەمانەشدا بگێڕەوەی ڕۆمان تاکە شتێك بە شایستەبوون بزانێت، کە لە پێناوی چیرۆك و نامە کۆژراوەکانی ئەنفالدا بمرێت ئەوەیە ئەم تراژیدیایە لە ڕۆمانێکدا بگێڕدرێتەوە، تا ئەو شوێنەی جیهان لە مەرگەساتی ئەم تراژیدیایە سەرسام بکات. "شەوێکی غەمگین بەقورسایی هەرچی غەمی دونیا هەبوو، کۆڵەپشتی و تفەنگەکان قورس بوون. وەرزی تێکشکانێکی کاتی و کوشندەبوو، بەڵام ڕق ئەستوور لەو کێوە مەغرور و نەرسیسانە سەریان لە ناو هەوردا بەجێهێشتبوو، بۆیە بێ باك بوون لە هەر تراژیدیایەك کە ڕوودەدا، ئەوانەش لە پێشی مردنەوە هەنگاوەکانیان دەبڕی دەمێ بوو مەرگیان تاقیکردبۆوە. شەوی برینەکانی ئەو پێشمەگانە بوون کە بەبناری سەنگاوەوە بەجێمابوون. شەوێ بوو ئەفسانەی ئەنفالەکان لە قاچی برین و دڵی برین بەسترابوو. تاکە شتێك کە شایستەی مەرگ بوو. لە پێناو چیرۆك و نامە کۆژراوەکانی ئەنفال ئەوە بوو ڕۆمانێك بمرێت و بەس! کۆستێك کە دەبێ بکاتە ئەو شوێنەی جیهان سەرسام دەکات" (سۆران، ٢٠١٩، ٨٣).

**تەوەرەی دووەم: گوتاری ئایینی- ئامانجەکانی ئەم گوتارە لە ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.**

..... فۆرمی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا سەرەڕای گوتاری ناسیۆنالیزمیانەی حیزبی بەعس و گوتاری نەتەوەیی کورد هەڵگری گوتارێکی ئاینیشە، گوتارێك، کە بە پێچەوانەی ئەو ڕۆمانانەی لەبارەی ئەنفالەوە نووسراون ڕاشکاوانە ئامانجی لێدانە لە ئایین وەك حەققەتێکی ڕەها، بەڵام ئەم ڕەها بوونەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە دوو تێڕوانینی جیاوازەوە بەیان کراوە، ئەویش گوتاری گۆشەنیگا و تێگەیشتنە لە پەیامی قورئانی پیرۆز وەك پەیامێکی ئاینی و سورەتی ئەنفال لە دید و تێڕوانینی بکەرێکی ئەنجامدەری پرۆسەی ئەنفال، کە خودی ئەم سورەتەی کردۆتە بەهانە و وەسیلەی ئەنفالکردنی نەتەوەی کورد وەك نەتەوەیەکی موسڵمان، کە ئەویش دید و تێگەیشتنی حەجاجی تکریتییە کە بگێڕەوەی ڕۆمان بە مەبەست و ئامانجی ڕەها ئەم گوتارە دەگەیەنێت. ئەوەتا بگێڕەوەی ڕۆمان دەیەوێت مافی ئایینی بوون و ئیسلام بوون لە نەتەوەی کورد بسەنێتەوەو ئایینی ئیسلام تەنها تایبەتمەند بکات بە نەتەوەی عەرەب. لەم ڕوانگەیەوە حەجاج بە دڵداری مەلەك خاتوون دەڵێت: "ڕەنگە من ئازاترین جەنگاوەری عەرەب بم کە زانی ئەوە دەکەم ڕۆحی ڕاستەقینەی نوتفەی خۆمانت بۆ باس بکەم! دەبێت ڕێزم لێبگریت کە ڕاستگۆم لەگەڵت. دڵنیابە سەد ساڵی دی و هەر زەمانێك بە چیرۆکی دیکەو بە ئایەتێکی دیکە دەتانکوژین و دەتان گەوزێنین و لاقەتان دەکەین. ژنەکانتان دەکەینە کەنیزەك و پیاوەکانیشتان دەخەسێنین. چونکە کەلتووری ڕابردووی باوو باپیرانی خۆمان و سروتی خێڵەکەمان وافێری کردین! ژیان بەر لە ئێمەش هەروا بووە دڵدار! ئەمە سوونەتی تەواوی ژیانی سەر زەمینە لەم ناوچەیە! شاعیرانەو گەمژانە مەژی دڵدار.. ترسنۆکانە مەژی. ئەم دینە هی ئێوە نییە! ئێوە تەنیا کۆیلەیەکی بێ چارەو ترسنۆکن" (سۆران، ٢٠١٩، ٣٧).

ئەم گوتارەی حەجاج گوتاری ڕەوایەتی پێدانی کوشتنی نەتەوەی کوردە، تەنانەت ئەگەر بە سورەتی ئەنفالیش نەبێت بە ئایەتێکی دیکەی قورئانی پیرۆز وەك روونیشە بە خودی سورەتی ئەنفالیشەوە قورئانی پیرۆز ڕێگە بە کوشتنی نەتەوەیەکی وەك نەتەوەی کورد نادات، کە نەتەوەیەکی پابەندە بە بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام "ئەنفال لەناو ئەو واقیعە لە دایك بووە، نەوەك لەناو ئەو سورەتەی ناوی ئەنفالی هەڵگرتووە. بەڵێ

بەمانایەکی دیکە ئەنفال درێژکردنەوەی گیانی هەموو ئەو شەڕ و پەلاماردانانەیە، کە ڕوون و ئاشکرا لە ناو ئەو کەلتوورەدا خۆی سەپاندووە" (کاکەڕەش، ٢٠٠٨، ١٣٠)، بەڵام لە گوتارەکەی حەجاجەوە دەردەکەوێت، کەوا کەلتووری نەتەوەی عەرەب و سرووتی کەلتووری عەرەب کەلتووری کوشتنە. تەنانەت حەجاج بۆ گەیاندنی ئەم گوتارە لە پشتی پەردەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە دەیەوێت حەققەتی ئەوە بە دڵداری مەلەك خاتوون بگەیەنێت، کە نەتەوەی کورد بە هێزی شمشێر بوونەتە ئیسلام و بە ویستی خۆیان ئەم ئایینەیان هەڵنەبژاردووە. بۆ ئەمەش وەك بە بیرهێنانەوە ئاماژە بە داستانی قەڵای دم دم و کوشتنی نەتەوەی کورد دەکات لەو چرکە ساتە مێژوویيەوەو لەوێوە شەڕی جەلەولاو هەنگاوە یەك لەدوای یەکەکانی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە بە بیر دڵداری مەلەك خاتوون دێنێتەوە و دەیەوێت حەققەتی زمان و خوێن و ئیرس و کلتووری نەتەوەی عەرەب نیشانبدات، بەڵام ئەو کوشتن و بڕینە لە سیاسەت دادەماڵێ و گرێدراوی ئایین و مەسەلە ئایینەیەکەی دەکاتەوەو زمان و عەقیدەو سوننەت و سروتی ویژدانی دەکاتە بنچینەی ئەم ڕەفتارە وەحشیگەرانەیان "چییە بیرتان چوو لە قەڵادی دمدم چیمان پێکردن؟! لە غەزاواتەکانیدا چیمان لە کچەکانتان کرد؟! ئەی دەزانن نەتەوەکەی جەنابتان بە شمشێرەکەی عومەری کوڕی خەتاب کران بە موصڵمان؟ بیرتان چوو بێ شەرەفینە؟! ئەی جەلەولاتان بیرنایەت عەگال لەسەرو و ئیماندارەکانی ئێمە چیپێکردن؟! بیرتانی بخەمەوە؟! ئەی ئەنفالی یەك و دوو سێ و چوار تا هەشتت بیر نەماوە، چیتان بەسەر دێ؟ ئەی ئەنفالی بارزانییەکانتان بیرماوە؟! ئەی هەڵەبجەتان بیر چوو چۆن گەروی مناڵەکانتان پڕ کران بە بۆنی سێو؟! ئێمە بۆ هەر کوێیەك بڕۆیین وەهایین دڵدار! ئەمە ئیرس و خوێن زمان و وشیاری زمان و کلتووری نەتەوەیەکین بەبێ چەتەیی و ڕێگری و کۆیلەکردنی ژن ناژین. ئەمە سیاسەت نییە گەمژە! ئەمە دینە دین! ئەمە ناسیۆنالیزم نییە هەی داماو ئەمە دینە دین! دین و ئیمانی بیابانشینەکانە! ئەمە ڕۆحی ئێمەیە پەیوەندی بە سیاسەتەوە چییە؟! دڵنیابە سەرۆك سەدام و من و موسلیم کوردی و هەمووان کوشتەی دەستی ئەم زمان و عەقیدەیەین! چونکە ئەمە سونەتی سروت و ویژدانمانە! هی ئێمەیە نەك هی ئێوە!" (سۆران، ٢٠١٩، ٣٧). گەیاندنی ئەم گوتارە، کە داڕێنی کوشتن و ئەنفالکردنە لە حیزبی بەعس و دانەپاڵی بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لە دید و هزر و سەر زمانی حەجاج و گەیاندنی بوونی حەققەتی شەڕ و جەنگ لە خەلافەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئیسلام وەك ڕاستییەك جارێکی دیکە تۆمەتبارکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە "ئیسلام وەك شوناسێکی سیاسی، لە ئەنجامی سەرهەڵدانی ناسیونالیزم لەگەڵ ڕکابەرییەکی بەرچاو ڕووبەڕوو بووەوە، ئەگەر بێین و لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا بەراوردی بکەین دەبینین ئیسلام لە پێگەیەکی باشتردا بوو بۆ ئەوەی داوای وەفاداری لە خەڵك بکات" (ڕەحمانی، ٢٠١٩، ١٨٢). دەنا ڕاستییەکی ڕوونە، کە ئەوە حیزبی بەعس بوو ڕەوایەتی دەدا بە کوشتن و ئەنفالکردنی نەتەوەی کورد و سەرچاوەکەی لە هەستێکی شۆڤینیانە و ناسیۆنالیستیانەی حیزبی بەعسەوە سەرچاوەی گرتبوو نەك خودی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵام حیزبی بەعس بۆ ڕەوایەتیدان بە پرۆسەکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و سورەتی ئەنفالی کرد بەکارکرد، چونکە "بەعسیزم هەوڵی دەدا کە لەسەر پرۆژەی عەرەبی و ئیسلامیش کاربکات" (ئەحمەد، ٢٠٠٧،٩٧). هەر بۆیە حەجاج بەو ئامانجەوە ئەم کارە دەخاتە ئەستۆی نەتەوەی عەرەب وەك نەتەوەیەکی ئایینی "ئەمجارە حەجاج بەوپەڕی متمانە و بڕوا بوون بەخۆیەوە: چییە نەتزانیوە لە سەدەی ١٦ چەندان ملیۆن هندۆسیمان کوشت و ئەنفال کرد؟! خۆ ئەوە ئێمەی بەعسییەکان نەبووین. هەر بەناوی شەڕی پیرۆزەوە کرا، دژی شەیتانەکانی ڕابردوو...لە شەڕی نێوان انصار ابومسلم خوراسانی و جێشی عەباسییەکاندا هەزاران کەسمان لە یەکدی کوشت. ئێمە و ئەوانیش یەك دروشمان هەبوو دڵدار. تەنها دەسەڵاتی خەلافەت و ڕابواردن و هیچی تر. نیکاحی چوار پێنج ژن و دەسەڵات و خەلافەت و ڕابواردن و هیچی تر. هەمووشمان کاتێك یەکترمان دەکوشت هەر هاواری الله و اکبرمان دەکرد" (سۆران، ٢٠١٩، ٣٥). ئەم دەربڕینە زمانییانە لەسەر زاری حەلاجی خوێن ڕێژەوە ئاماژەیان پێ دەکرێت بەئامانجی ڕەوایەتیدان و ڕێگەپێدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی گوتارە لە گوتارێکی زمانیی ئاسایی بۆ گوتارێکی ئایینی ئامانجدار "لێرەوە گوتار بۆ ئەوەی لە گوتارێکی ڕووتەوە بگوازرێتەوە بۆ جەستەیەکی بەرجەستە بوو لە دەقێکدا، پێویستی بە زمانێکی تایبەت هەیە، زمانێك کە لە پشت ئەو هەموو کەم و کورتیە مەعریفییەوە، لەناو ئەو بیابانە دەلالیەدا توانای هەبێت ببێتە هەڵگری گوتار و گەیەنەری گوتار، زمانێك ئەگەرچی زمانێکی مەعریفی نییە، بەڵام توانای ناساندن و گەیاندنی فەرمانە سۆسیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژییەکانی گوتاریی هەیە" (عەلی، ١٩٩٨، ٨٦).

بۆ ئەمەش حەجاج دەیەوێت گوتاری جیاکردنەوەی ڕاست لە ناڕاست لەبەرانبەر حەقیقەتی عەرەب بوون وەك نەتەوەیەکی ئایینی بدرکێنێ دوور لەمەسەلەی سیاسەتی حیزبی بەعسی عێراقی و دەسەڵاتی شۆڤینییانەی بەعسییەکان بۆ ئەم مەبەستەش جارێکی دیکە لاپەڕەکانی مێژووی خەلافەتی ئیسلامی هەڵدەداتەوەو تاوەکو بە تەواوی گوتارێکی ئایینانەی دوور لە سیاسەت بۆ بێ بەریکردنی بەعس و تاوانبارکردنی ئایینی ئیسلام لای دڵداری مەلەك خاتوون بکاتە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر بۆ ئەمەش لە هەناوی گوتارە ئاراستەکراوەکەی حەجاجەوە کۆمەڵێك یاسا و دەستووری بە میراتکراو دەبینرێت، کەوا کرۆکی گوتارەکەی لەسەر بنیاتنراوە هەروەکو (میشێل فۆکۆ) لە بارەی کۆنترۆلکردنی گوتارەوە ڕایدەگەیەنێت "کە هێز وادەکات شتەکان ڕاستبن و هەموو کۆمەڵگایەك سیستەمێك لە راستی و سیاسەتی گشتی دەربارەی ئەو راستیانە هەیە کە ناوی دەنێین و دیاریدەکەین لە جۆری گوتار، بنیاتی گوتار پێکهاتووە لە کۆمەڵێك یاسا و دەستووری بە میراتکراو کە شێوەی بەکارهێنانی گوتار و کرۆکی دیاریدەکات و بڕیار لەسەر سروشتی زانین و هێز و ڕەوشت دەدەن لە ناو گوتار، هەر ئەوەشە کۆنترۆڵی ناوەرۆکی گوتار دەکات" (دزەیی، ٢٠١٢، ٤٥). لەم بارەیەوە حەجاج گوتارەکەی لەم شێوە گێڕانەوەیەدا بە دڵداری مەلەك خاتوون ڕادەگەیەنێت "ئەی خۆ خەلیفە عوسمان و علی و حسێن و حەسەنیش هەر بەدەستی ئیسلام کوژران کوڕی کەر! خۆ خەتای سەدام حسێن نەبوو! ئەی خۆ مژدە بەخشەکانی بەهەشت و تەلحەی کوڕی زۆبێر لە مەوقعی جەمەل بەدەستی ئیمانداران کوژران! لە شەڕی صفین و نەهرەوان کە علی و معاویە و حسێن و یەزید ٦٣ کەسیان لە بنەماڵەی موحەمدی پێغەمبەری عەرەب کوشت. ٧٠٠ لە موهاجرین و ئەنصار بە دەستی ١٢ هەزار چەکداری هێزەکانی مسلم بن عقبەی ئەمەوی ئیسلام کوژرا، هەی کەری کەرباب. لە هەمووی خۆشتر دڵدار. هیچ کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد کەعبە بە مەنجەنیق بسوتێنێت! کەچی لە ئابلوقەی سەر مەککە بەسەرکردایەتی عبدالملکی کوڕی مەروان تەنانەت ابو جەهلیش زاتی ئەوەی نەکرد، یان یەهودییەکان کە سوکایەتی بە مزگەوتەکەی پێغەمبەری عەرەبەوە بکەن، بەڵکو یەزیدی کوڕی معاویە بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ مزگەوتەکەی کرد بە تەویلەخانەی حوشترەکان. ئەمەش خۆ سەرۆك سەدام نەبوو ..هەی کەلەپووت، چەنی دیکەت بۆ باس بکەم و بۆ بگێڕمەوە" ( سۆران، ٢٠١٩، ٣٦).

تەنانەت مەبەست و ئامانجێکی دیار و ئاشکرای حەجاج لە ئازادکردنی دڵداری

مەلەك خاتوون بە برینداری لە بیابانەکانی سەماوە خۆی لە خۆیدا هەڵگری گوتارێکی دوو لایەنە، کە گوتاری هەواڵ گەیاندن و سووربوونە لەسەر دەستدرێژیکردنەسەر منداڵ و ژنی کورد و لە لایەکی دیکەشەوە گوتاری سەرزەنشتکردن و سووکایەتیکردنی کوردە وەك نەتەوەو هەموو ئەمانەش بە گوتاری ڕێگەپێدراوی کلتوور و ئایین و سورەتی ئەنفالیشەوە، هەر بۆیە حەجاج هۆی ئازادکردنی دڵداری مەلەك خاتوون ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێت، کە خۆی لە بنەمادا یەکێك بوو لە سیاسەتە قێزەوونەکانی حیزبی بەعس. لەم بارەوە -ڕێبین هەردی- لە گوتارێکدا بەناوی بەعس لەسەر شێوەی حیزبی بەلشەفیك دروستبووە بەتایبەتی لە دەورانی حوکمی ستالیندا، دەڵێت: "بە بڕوای من، لە دوای ئەنفال بەعس خۆی دەیویست هەندێ قوربانی بمێنێت بۆ ئەوەی چیرۆکی دڵڕەقییەکان بگێڕنەوە، چونکە یەکێك لە نەخۆشییەکانی بەعس ئەوە بوو کە پێی وابوو هێزێکی ئەزەلییە و بۆ هەتا هەتایە لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، بۆیە لەم حاڵەدا بەعس پێویستی بەکەسانێك هەیە کە چیرۆکە ترسناکەکان بۆ کۆمەڵگە بگێڕنەوە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیە تەواوی کۆمەڵگە دەساژۆ ببن و لە بەعس سڵبکەنەوە" (ئەحمەد، ٢٠٠٧، ١٢٣).

"بۆیە تۆ ئازاد دەکەین تاوەکو هەموو کەسێك لە نەتەوەکەی ئێوە بزانێت چۆن گەرووی مناڵەکانتان پڕ کران لە لم.. چۆن ژن و کچ و خوشکەکانتان ئیختیساب و لاقەکران! لە ڕاستیدا لە هیچ شوێنێکی دونیا نەتەوەی شەرەف بەتاڵی وەکو ئێوەی کوردمان نەدیوە، ژن و کچەکانتان دەگێین و کەچی ئەوەنە نامەرد و بێ باك و سەرشۆڕن سەر بۆ کەلتوور و دینەکەمان دادەنوێنن و بە شانازی و لوت بەرزییەوە دەیپەرستن! نەبووەو نەکراوە، نەماندیوە لە مێژووی دوور و نزیکی ئەم دونیایە، نەتەوەی وەکو ئێوە بێ کەرامەتمان نەدیوە! بەڕاستی ئێوە شایەنی ئەنفالن! ئەم ئایەتە هەر بۆ نەتەوەی وەکو ئێوە دابەزیوە! ئەگینا هیچ پیاوێك زەڕەیەك کەرامەتی هەبێت، هیچ مەردێك قبوڵی ناکات و ژن و کچی بکەیت بە کەنیزەك و دواجاریش سەر بۆ ئایینەکەی دابنەوێنێت! تەنها ئێوەی نامەردی کورد نەبێت کێ قبوڵی دەکات!" (سۆران، ٢٠١٩، ٢٧).

لەبەرانبەر گوتاری سەرانسەری گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و بەتایبەتیش لەسەر زاری حەجاجی تکریتییەوە لەبارەی کەلتووری کوشتن و قەتل و عامکردنی نەتەوەکانی دیکە بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەمەبەستی دەرخستنی حەقیقەتی ئایینی و ڕەوایەتی پێدانی و تاوانبارکردنی، دژە گوتاری دڵداری مەلەك خاتوون دەبینرێت وەك گوتارێکی بەرەنگاری تاکێکی ستەم لێکراوی ئەنفالکراوی کورد، بەڵام ئەم گوتارە وەك گوتارێکی دژ و پێچەوانەی گوتارە ئایینە ڕاگەیەنراوەکەی حەجاج دەرناکەوێت، بەڵکو بەجۆرێك لە جۆرەکان و بەڕاشکاوی دووبارەکردنەوەی هەمان گوتارە لە هەمان فۆرم و مانادا، واتا کاتێك دڵداری مەلەك خاتوون بەرانبەر بە حەجاج هەڵوێست دەنوێنی گوتارێك نادرکێنیت، کە ڕەتکردنەوەی گوتارەکەی حەجاج بێت، هێندەی ئەوەی گوتارێکە بۆ سەلماندنی حەقیقەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ڕەوایەتی پێدان بە کوشتن و ئەنفالکردنی نەتەوەی کورد بە واتای تاوانبارکردن. دیارە ئەمەش گوتارێکە، کە لە دید و تیڕوانینی بگێڕەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و یان باشتر بڵێین گوتاری ڕۆماننووسە، کە بەمجۆرە گوزارشت لە بیر و هزری خۆی دەکات "ئەمجارە بەدەم پێکەنینەوە حەجاج گوتی: ئەوان لێرەن دڵدار تۆزێك نابێت هەموویان بوونەتە موسڵمان و خەریکی نوێژن! نوێژی کۆیلایەتی و تاجی شورەیی لەسەر دەنێن!. منیش بەدەم و چاوی خوێناوییەوە ڕووم کردە ئیسکە پەیکەرەکان، تا هیچ نەبیت ئازایانە بمرن. هاوارم کرد: کورینە لەوەتەی ترسنۆکم دیبێ وەك ئەم نامەردەی تکریت و کەربەلاو نەجەف و بەغدام نەدیوە کە ناوی حەجاج تکریتیە! بەهەڵە داچوویت چۆك بۆ کەسێکی دۆڕاوی وەکو تۆ دانەوێنم.. ئێوە لای ئێمە پێ پەتی ناسراون حەجاج! نەك خۆت باو و باپیران و هۆز و تیرەکانیشتان!...، ئێمە هەموومان دڵدارین حەجاج.. دڵدارەکەی ئەی ڕەقیب.. دینمان ئایینمان هەر کوردستانە حەجاج! ئەمە دێرە شیعرێکی دڵدارە بە هەزار ئایەتی تۆ نایگۆڕمەوە حەجاج!!" (سۆران، ٢٠١٩، ٣٢).

ئەم هاوار و وەڵامدانەوەی دڵداری مەلەك خاتوون و خۆ چواندن و لێچوواندنی هەموو تاکێکی کورد بە دڵداری شاعیر، کە خاوەنی سروودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیبە وەك مارشێکی ڕاگەیەنراوی نەتەوەیی تەنها جۆریك لە رەتکردنەوەی ئایینی ئیسلامە و ناچێتە خانەی بەرگریکردن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و لێچوواندنی کوردستانە بە ئایین لە بەرانبەر بەو ئایینە بە تایبەتی، کە دەڵێت -دینمان ئایینمان هەر کوردستانە حەجاج! - بەڵام وەك جۆرێك لە گوتاری بەرەنگاری نەتەوەیی تەحەداکردنی لە بەرانبەر زمان و کەلتووری عەرەب و تەنانەت خۆ بێ بەریکردنیش لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەردەکەوێت. بۆیە دەبینین بەرانبەر ئەم بەرگریکردنە حەجاج بە ئامانجی تێکشکاندنی دڵداری مەلەك خاتوون هەوڵدەدات گوتاری بڕوا پێهێنان و خۆبەدەستەوەدان و ئیغراکردن و تەنانەت سووکایەتی پێکردنیش بە بوونی نەتەوەی کورد ڕابگەیەنێت "سێ دانەی چاکم بۆ داناوی لەگەڵ دوو لەشفرۆش و دوو تورکمانیشم هێناوە. شەوان هەر پێنجیان دەنۆشم. هەر جارە دەیدەم بەدەستی کەسێکیانەوە. هەموویان هەڵبژاردەن! شارەزایی تەواوم لە ژنە دیلەکان هەیە. لە دوورەوە دەیانبینین و دەیانناسین. ئەزانی چەند بە لەزەتە لەم بیابانەدا مەملەکەتێك لە ژنی کورد و شیعەت هەبێ و پێیان ڕابوێری! دوایی بە عەمامە و کڵاو و جامانەکەی ئێوە سەری چوکت بسڕی. توخوا وانییە. حەجاج دەیویست لە لە وەها دۆخێکدا تێکم بشکێنێ. بەر لەوەی تێپەڕم گوتی برادەرەکانت چۆکیان بۆ سەرۆك داداوە دڵدار" (سۆران، ٢٠١٩، ١٢١).

لە درێژەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و گەیاندنی گوتارەکانی دڵداری مەلەك خاتووندا لەبەرانبەر حەجاج ئاماژە بە سیاسەتی چەواشەکارانەی کەسایەتییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و ڕۆژنامەوانییەکان دەکرێت لە یانەی شەوانەکەی سەمرە جبووریدا، کە دوای ڕزگاربوونی لە ئەنفال دەبێتە خاوەن یانەیەکی شەوانە و دڵداری مەلەك خاتوونیش بۆ ماوەیەك لەو یانەیەدا لە لایەن ئەم ژنەوە پەنا دەدرێت و دەبێتە شایەتحاڵی بینینی ڕووداوەکان و کەسایەتییە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەکان و پەردە لەسەر ڕووی ڕاستەقینە و چەواشەکارانەیان هەڵدەماڵێت و بەم شێوەیە وەسفیان دەکات "شەوی موسافرەکانی دونیای جەنگ و خوێن بوو تەنها من لە مەنفاوە هاتبووم. شەوی کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرەکان، نەتەوەییەکان، ئایینیەکان، سیاسیەکان، ڕۆژنامەنووسە سوك و چروك و حیزەکان، ئەوانەی هەمیشە بەسەرشۆڕی و ماستاوچێتی هێنابوویان، شەوێك بوو بەغدادیان خرۆشاندبوو. لە کورسییەکانی پێشەوە دانیشتبوون تا جەستەی لوسی ژنەکان جوانتر ببینن و بەخۆیان و شەرەفی خێزان و دونیا و نیشتیمان و حیزب تا دەمە و بەیانی هەرا بەکچ و پێك کرا، کە ڕۆژیش هەڵدەهات ئەوان سۆزانی و شەرەف بەتاڵ بوون و ئەمانیش پارێزەری نیشتیمان و فەرهەنگی نەتەوەیی و خێزان و دەیان زاراوەی لەو شێوەیە بوون" (سۆران، ٢٠١٩، ١٠١).

سەرەڕای ئەم گوتارانە لەسەر زاری دڵداری مەلەك خاتوون دەبینرێت گوتاری ڕەتکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و جیاکردنەوەو دابڕینی قوئانی پیرۆز وەك پەیامێکی ئاسمانی تایبەت بە نەتەوەی کورد بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، هەر بۆیە دەبینین لە نزاو پاڕانەوەکانی خۆیدا گوتارێکی جیاوازتر دەبینین لە گوتارەکانی پێشووتر، کە گوتاری جیاکردنەوەی خودای گەورەو میهرەبانە لە پەیامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام

و ئاینەکانی دیکە و تاك و تەنیایی خودای گەورە بەجیاکردنەوە لە ئایینێك دەزانێت، کە فتواو ڕەوایەتی ئەنفالکردن بدات "شەوێکی تەنیا و بێکەس و مەستانە لە دونیا و لە گوندی ڕێواسان. لە عیشقی ماهی کۆسار، لەو بیابانە نزا و هاواری خودام دەکرد: ئیلاهی ئەم زمان و کەلتوورە چی بوو؟ ئەم نووشتەو جادووەی بیابانت لە کوێوە بەخشییە هۆز و تیرەکانی ئێمە؟ خودایە من نزا دەکەم.. تەقوا دەکەم.. ئەم وەیشوومەو فیتنەو ئافاتە لە ڕێواسان و زمانی منداڵانی ئێمە دوور خەیتەوە! خودایە گوناهمان چی بوو بەڵاو نیفاقی ئەم پەیامەت بە ئێمە بەخشی؟! ئیلاهی من دەمەوێ پاکتکەمەوە لە ئایەتی غەنیمەو کوشتن و کەنیزەك و تاوان! دەمەوێ جوانی و میهرەبانیت بۆ بگێڕمەوە. خودایە هێزێکم بەرێ تا پاکتکەمەوە لە سروت و زمان و کلتووری نوتفەی بیابانی وشترەکان. خودایە جەسارەتم بەرێ تا جیاتکەمە لە دین و ئایینەکان! چونکە تاکە بوونی تۆ وەك خودای ڕاستەقینە جیاکردنەوەتە لە دین!" (سۆران، ٢٠١٩، ٤٨).

هەر بۆیە پەیامی گێڕەڕەوەی ڕۆمان پەیامی ئەو چرکە ساتە ترسناکەیە، کە نەتەوەی کوردی تێدا ئەنفال دەکریت و بە وەیشومە و ئاشووبی کەلتوور و دینێك دەزانرێت، کە بەبڕوای ئەو دوور و نزیك پەیوەندی بەکورد و بەهۆزی ڕەشماڵە کوردەکانەوە نییە "ژن و مناڵە تۆقیوەکان و پیاوە خەمبارەکانی بن بەرد و هەردەو نشێوەکان لەم سەری پێ دەشت تا ئەوسەری گوندەکانی بەهاران... لە نێوان گرمەی هەور و تۆپ و فڕۆکەکان. تابلۆیەك دەنەخشێنرا پێیان دەگووت "ئەنفال" بێ ئەوەی کەس ناوی ئەم ئایەتەی بیستبێت! لەشکرێکی دەیان و سەدان هەزار کەسی، ڕەوە کۆخ نشینێکی تێکشکاوی کردبووە ئامانج. کاراکتەری ئەو چرکە ساتانە بوون، کە بۆ دونیایەکی تر بارگەیان دەپێچا. پۆل پۆل ڕەوە خەڵکی عەوامیان ڕادەستی سنوورەکان دەکرد. وەسف ناکرێت بێدەنگی ئاواییەکانی بەهاران لە ناو دەنگی مردنا. لە ناو دەنگی دوکەڵ و ڕێژنەی گوللە و هاواری بریندارەکان و تۆقینی مناڵەکان چ ئافات و وەیشوومەیەك بەرپابوو؟! وەیشوومە و ئاشووبی کولتوور و دینێك لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بەهۆزی ڕەشماڵە کوردەکانەوە نەبوو" (سۆران، ٢٠١٩، ٧٧)

ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە لە دوای کۆمەڵکوژیی کورد و خستنەپاڵی ئەنفال بە مەبەست لە لایەن ڕژێمەوە تێڕوانینی تاکی کوردی لەبەرانبەر بە پابەندی ئایینی گۆڕیبێ، چونکە "پێش ئەنفال و کیمیاویی، کۆنتاکتی تاکی کوردستانی بەخوداوە گوتارێکی تاڕادەیەك سەربەخۆ بوو، ئەگەر نەڵێم شوناسێکی کوردانەی هەبوو. گوتارێك بوو زیاتر لە ناو ئیمانێکی سەربەخۆدا بەڕێوە دەچوو. تەنانەت ئەو زمانە عەرەبیەی لەو کۆنتاکتەدا بەکاریدەهێنا، سیمایەکی کوردانەی وەرگرتبوو، بەڵام لە دوای ئەنفالەوە لەلایەن پارت و کۆمەڵە ناو کوردستانەوە زمانی ئەو کۆنتاکتە کراوەتە عەرەبی و تەعبیری لە ئیمانێکی تەعریبکراوەوە کردووە" (کاکەڕەش، ٢٠٠٨، ١٠٤).

## ئەنجامەکان:

1. ڕۆمانی (ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خوا و شەیتانەکاندا) ڕۆمانێکە لە فۆڕمێکی گێڕانەوەی جیاوازتر لە ڕۆمانەکانی دیکە، کە لە بارەی تراژیدیای ئەنفال دواون و هەڵگری چەند گوتارێکی جیاوازە، کە لە دید و زمانی ڕۆماننوسەوە سەرچاوەی گرتووەو لەسەر زمانی شاکەسی ڕۆمان دڵداری مەلەك خاتوون و حەجاجی تکریتی خوێن ڕێژەوە بەشێکی زۆری ئەم گوتارانە بە ئامانج و مەبەست دەگێڕدرێنەوە.
2. گوتاریی نەتەوەیی ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای گوتاری ئاراستەکراوی نەتەوەی عەرەب و لە دیدو هزری حیزبی بەعسەوە دژ بەنەتەوەی کورد ئیحا دەکرێت، کە ئامانج تیایدا سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە و لە بەرانبەردا گوتارێکی نەتەوەیی تاکی کورد لە چرکەساتی شکستی کورد لەو کاتەدا دەبینرێت. ئەم گوتارەش هەم ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی تەنیوەو هەم بیر و هزری شاکەسی ڕۆمانەکە.
3. ئەم ڕۆمانە لە ڕەوتی گێڕانەوەیدا بە هەموو جۆرێك لە گەیاندنی گوتاری ئایینیدا هەوڵدەدات تاوانی جینۆساید و ئەنفالکردنی کورد بخاتە ئەستۆی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گرێدراوی کەلتوور و نەتەوەی عەرەب و سوونەتی مێژوویی وەهمی دەسەڵاتی ئایینگەرایی دەکاتەوەو دەیەوێت وێنەیەکی نالەباری خودی ئەم ئایینە وێنە بگرێت لە بەرانبەریشدا گوتاری گێڕەوەی ڕۆمان و خودی شاکەسی ڕۆمانەکەش دڵداری مەلەك خاتوون هەمان گوتاری دژ بەو ئایینە هەیە و نەك هەر پاکانە ناکات، بەڵکو لە زۆر شوێنی گێڕانەوەکەدا هێرشی زمانی جنێوو تۆمەتبارکردن و دەداتە پاڵ ئەم ئایینە و خەلافەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.


**ملخص البحث:**

هذا البحث بعنوان **(الخطاب الوطني والديني في رواية الأنفال في عشاء الله والشياطين) بقلم (حسين سوران).** تحكي أحداث هذه الرواية الأحداث المأساوية لمأساة الأنفال الشائنة وتروي لنا مأساة الأنفال في اتجاه مختلف عن الروايات المكتوبة عن هذه المأساة. ويحاول الروائي في سرد أحداث هذه الرواية أن ينقل الخطاب القومي والديني في ذهن حجاج تكريت كضابط كبير وشخصية جلاد نفذ مأساة الأنفال. من ناحية أخرى، فإن الخطاب المعاكس لشخصية الرواية (دلداري مالك خاتون) يتعارض مع هذا الخطاب القومي والديني الذي كان مبررا في الفكر الشوفيني لحزب البعث ضد الأمة الكردية. لهذا الغرض، خصص الروائي كامل مساحة السرد للرواية لمناقشة ونقل هذين المفهومين (القومي والديني) في أذهان دولتين مختلفتين (العرب هم مرتكبوا عملية الأنفال). من هذا المنظور، وهذه الدراسة هي محاولة لتفسير هذين الخطابين وكيف يتم تصويرهما من وجهة نظر الروائي.

**Abstract:**

This research paper, which is entitled “The Patriotic and Religious Discourse in the Novel of “***Anfal in a Dinner of God and Demons***”, attempts to show the patriotic and religious discourse reflected in the perception of the novel’s author, Hussein Soran. Basically, the novel is a narration of the Anfal campaign (also known as Anfal Genocide) from a different perspective, in which the author shows the patriotic and religious discourse from the perception of Hadjaji Tikriti – a high-ranked officer in Ba’ath’s Regime and an executive character of the Anfal campaign. On the other hand, there exists the contrasting view from the protagonist (i.e., Dildari Melek Xatun) against the patriotic and religious discourse legitimized by the Ba’ath’s regime against the Kurds. Throughout the novel, the author attempts to highlight the concepts of patriotism and religion from the perceptions of two nations, namely, the Arabs as the

doers of the Anfal campaign and the Kurds as oppressed and Anfalized.

### سەرچاوەکان:

**به زمانی کوردی:**

- برێسلێر، چارلز، ٢٠٠٢، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس. هەولێر.
- پیرداود، ستاری ٢٠١٠، خوێندنەوەی میتافۆر- کرانەوە بەڕووی چەند رایەڵەیەکی ڕەخنەیی، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی. دهۆك.
- ڕەحمانی، وریا، ٢٠١٩، ناسیۆنالیزمی کورد و روانگەی رۆژئاوا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- ساڵح، مەهدی، ٢٠٠٦، دەربارەی رۆمان، چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر.
- سۆران، حسێن، ٢٠١٩، ئەنفال لە ئێوارە خوانێکی خواو شەیتانەکاندا، سلێمانی.
- سەراج، عەبدوڵلا ٢٠٠٧، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- شەمس، سەعید، ٢٠١٩، تیۆریی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، چاپەمەنی مانگ، چاپی یەکەم، بانە.
- عارف، حەمەکەریم، ٢٠٠٨، دەربارەی رۆمان و چیرۆك، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك.
- عەلی، د. تاڵیب حوسێن، ٢٠١٩، شیکردنەوەی گوتار شانۆگەری- ڕۆمان- تەنز- شیعر، چاپخانەی هێڤی. چاپی یەکەم، هەولێر.
- قەرەداغی، عەتا، ٢٠٠٧، کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی
- کاکەڕەش، حەمە، ٢٠٠٨، بێدەنگی و کۆکۆژیی- لێکۆڵینەوە، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
- وێستێر، ڕاجێر، ٢٠٠٦، تۆژینەوەی تیۆریی ئەدەبی(پێناسەیەکی پوخت) وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر.
- ئەحمەد زادە، هاشم، ٢٠١٢، زمان و ئەدەب و ناسنامە، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
- ئەحمەد، سەمەد، ٢٠٠٧، لە سێبەری پرسیاردا- کۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ٢٠٠٦، ئەزموونی خوێندنەوەو چەند لاپەڕەیەکی مێژوویی، چاپی یەکەم، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**گۆڤارەکان:**

- دزەیی، د. عبدالواحید مشیر، ٢٠١٢، گوتار و ئایدیۆلۆجیا، گۆڤاری گزنگ، ژمارە (٩٩)، کەرکوك.
- سەراج، عەبدوڵلا، ٢٠٠٠، بەرەو ئاستانەی ڕۆمانی نوێ، گوڤاری ڕامان، ژمارە، (٥٤)ی کانوونی یەکەم. هەولێر.
- حمد، شیروان حسین، عمر، تەلار صباح، ٢٠٢١، شیکردنەوەی گوتاری ئایینی لە ڕوانگەی تیۆری کردە قسەییەکان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١).
- عەلی، بەختیار، ١٩٩٨، دیار و نادیار- ئیمپراتۆریەتی وەهم- مانای تازەگەری و پەیوەندیی بە میکانیزمی کارکردنی گوتارەکانەوە، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٥)، ستۆکهۆلم.
- عەلی، بەختیار، ١٩٩٨، ئیمپراتۆریەتی وەهم- مانای تازەگەری و پەیوەندیی بە میکانیزمی کارکردنی گوتارەوە، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٥)، ستۆکهۆلم.
- قانیع، مەریوان وریا، ١٩٩٨، یەکگرتن یان جیاوازبوون- پێداچوونەوەیەك بە گوتاری یەکگرتندا، بەشی یەکەم، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٥)، ستۆکهۆلم.
- کەریم، د. زاهیر لەتیف، ٢٠١٣، چەمکی گوتار لە نێوان دەقە جیاوازەکاندا، گۆڤاری ئایدیا، ژمارە (٣٧)، سلێمانی.

**به زمانی عربی:**

- بغورة، د. الزواوي، ٢٠٠٠، مفهوم الخطاب في فلسفة ميشيل فوكو، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة.
- الجابري، محمد عابد، ١٩٨٥، الخطاب العربي المعاصر- دراسة تحليلية نقدية، دار الطليعة، ط(٢)، بيروت.
- دى سوسير، فردينان، ١٩٨٥، دروس في الالسنية العامة، ت: صالح القرمادي و محمد الشاوش و محمد عجينة، الدار العربية للكتاب، تونس.
- يقطين، سعيد، ١٩٩٧، تحليل الخطاب الروائي "الزمن، السرد، التبئير"، ط٣، المركزالثقافي العربي، بيروت.